ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو
مـرکـز دراسـات رووداو
Rudaw Research Center

# تەگەرەکانی عێراق لە قۆناخی دوای هەڵبژاردن



**| RRC**

**ئا: مەحموود بابان - ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو |**

رۆژی یەکشەممە، 24ی تشرینی یەکەمی 2021 ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو لە مێزگردێکدا بەناونیشانی تەگەرەکانی عێراق لەقۆناخی دوای هەڵبژاردن بە بەشداریی سەرکردەی لایەنە سیاسییە عێراقی و کوردستانییەکان و شرۆڤەکاران و بەڕێوەبەرانی ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە لە ناوەڕاست و باشووری عێراق و هەرێمی کوردستان کە سێ تەوەری سەرەکی لەخۆگرتبوو، کاریگەری ئەنجامەکان لەسەر هاوسەنگی هێز و سەقامگیریی ناوخۆیی، داهاتووی هەوڵەکانی پێکهێنانی حکومەت، خواستی زۆرینە یان حکومەتێکی تەوافوقی و بژاردەکانی هەرێمی کوردستان. سەدر، مالیکی، یان رێگایەکی سێیەم بەڕێوەبرد.

لە سەرەتادا **زریان رۆژهەڵاتی،** بەڕێوەبەری ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو لەبارەی تەوەری یەکەمی مێزگردەکەوە ئاماژەی بەوەکرد عێراق لە قۆناخێکی زۆر ناسکی نیوخۆیی و دەرەکیدا هەڵبژاردنی ئەنجامدا، ئەم هەڵبژاردنە چ لە عێراق دەگۆڕێت، هێشتا گفتوگۆیەکی زۆری لەسەر دەکرێت. هەروەها ئایا

ئەم هەڵبژاردنە چ لە هاوسەنگی هێز لەنێو عێراقدا دەکات؟ بەرەو سەقامگیریی دەڕوات یاخود ململانێکان قۆڵتر دەکاتەوە. لەلایەکی دیکەوە ئەمە یەکەمجارە هەڵبژاردنی پێشوەختە لە عێراق دەکرێت، ئەم هەڵبژاردنە گرنگە لەبەرئەوی لەسەر خواستی خۆپێشاندەران بووە بۆ گۆڕانکاری لە عێراقدا. ئەم وڵاتە زۆربەی گۆڕانکارییەکانی لە رێگەی شەڕ و کودەتاوە یان لە رێگەی دەستێوەردانی دەرەکییەوە بووە نەک بەشێوەی دیموکراسی و لەسەر خواست و داواکاری خۆپیشاندەران بووبێت. لەوانەیە ئەم هەڵبژاردنە گۆڕانێکی سیاسی لە عێراق درووستبکات، بەڵام ئەمە شتێکی شاراوە نییە و هەمووان دەزانین کە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێجگە لە هەڵبژاردن یاخود ئەو کەرەستانەی کەوا وەکو دەنگدانی خەڵک بەکاردەهێنرێت بۆ گۆڕانکاری، ئەوا کەرەستەی سەروو هەڵبژاردنیش هەیە بۆ ئاراستەکردنی گۆڕانکارییە سیاسییەکان. هەروەها، دامەزراوەی سەروو هەڵبژاردن هەیە کە رۆڵی لە سیاسەتدا هەیە، دەوڵەتانی ناوچەیی دەرەکی دەتوانن رۆڵیان هەبێت لە سیاسەتی نیوخۆی عێراق کە بەتەنیا بە هەڵبژاردن و دەنگی خەڵک یەکلانابێتەوە، هەربۆیەش قۆناخی دوای هەڵبژاردن لە خودی هەڵبژاردنەکە گرنگترە، تەوەری یەکەمی گفتوگۆی ئەم مێزگردەش لەسەر سەقامگیری عێراق، ئایا بەرەو کۆی دەبات و یەکگرتووی ماڵی شیعی بەرەو کۆی دەبات و دۆخی کورد و سوننە بەرەو کۆی دەبات، ئایا سەرکەوتنی سوننەکان و بەتایبەتیش لیستەکەی محەممەد حەلبوسی لە ئەنجامی بەرایی هەڵبژاردنەکانەوە وایکردووە بەرێز حەلبوسی بەرەو سەرکردەیەکی نوێ سوننی ببات؟ بەهێزبوونەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەو کورسیانەی هێناویەتی گۆڕانێک لەنیوخۆی هەرێمی کوردستان درووستدەکات؟ هەروەها پاشەکشەی گرووپە چەکدارەکان لە عێراق و بەهێزبوونەوەی نوری مالیکی و ناکۆکی لەگەڵ مقتەدا سەدردا و بەهێزبوونەوەی هێڵی تایفی و مەزهەبی و نەتەوەیی لە عێراق بەشێوەیەکی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە ئەنجامی ئەم هەڵبژاردنەوە، بۆ نموونە لەنێو شیعە سەدر بەهێزبوو، لەنێو کورد پارتی دیموکراتی کوردستان بەهێز بووە و لەنێو سوننەدا محەممەد حەلبوسی بەهێز بوو. هەموو ئەمانە ئەو مژارانەن کە کاریگەری لەسەر هەریەکە لەو پێکهاتانە دادەنێت.

**مەحموود محەممەد**، ئەندامی مەکتەبی سیاسی و گوتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان لەبارەی تەوەری یەکەمی مێزگردەکەوە ئاماژەی بەوەکرد بۆ تێگەیشتن پێویستە بگەڕێنەوە پێش هەڵبژاردن و قۆناخی پێش هەڵبژاردن، چونکە فەلسەفەی داواکردنی هەڵبژاردن و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە بۆ ئەوە بوو کە هەست بە ناسەقامگیریی دەکرا و چاوەڕوانی لەم هەڵبژاردنە بۆ ئەوە بوو کە گۆڕانکارییەکی ریشەیی درووست دەکات و ئەو گۆڕانکارییە دەبێتەهۆی ئەوەی کە سەقامگیریی بکاتە ئەمری واقیع. عێراق وڵاتێکی فرە نەتەوە و فرە ئایین و فرە مەزهەبە، بەڵام کلتوورێکی سەقەتی تێدایە لەسەرەتای دامەزراندنییەوە تاوەکو ئێستا، کە لە عێراق ئەو کلتوورە پەیڕەوکراوە، ئەویش کەوا چارەسەری کێشەکان نەکات و ببێتەهۆی کەڵەکەبوونی کێشەکان.

هەروەها، ئەو چارەسەرنەکردنی کێشانە دەبێتە هۆی ئەوەی بەردەوام ناسەقامگیریی هەبێت و ناسەقامگیریی لەنیوخۆی خۆدی عێراق چ پێکدادانی مەزهەبی یان نەتەوەیی بێت یاخود پێکدادان لەگەڵ دراوسێکانیدا بێت ئەگەرچی پێکدادانی چەکدارییش نەبووبێت. لەڕاستیدا هەموو ئەمانەش بەهۆی چارەسەرنەکردنی کێشەکان بووە وەک چارەسەرنەکردنی کێشەی شیعە، سوننە و کورد، کە کێشەکانیان

چارەسەر نەکراوە لە عێراقدا. نموونەی هەرە زۆر بەرچاو چارەسەرنەکردنی کیشەی کوردە کە بۆ ساڵانێکی زۆر بەردەوامبووە، چونکە عەقڵیەت و نیەتی چارەسەرنەکردنی کیشەکان نەبووە.

ئەم کیشانە بوون بە کیشەی زۆر گەورەی دیکە بۆ عێراق، کەلەراستیدا بووەتەهۆی ئەوەی عێراق تووشی کارەساتی گەورە بێت، وەک ئەوەی لە ساڵی 1975دا لەجیاتی ئەوەی بێت کیشەی کورد لە کوردستان و عێراق چارەسەر بکات، هەستان ئاو و خاکی عێراقیان دا بە وڵاتێکی دیکە، بەڵام ئامادەنەبوون کیشەی کورد چارەسەر بکەن. کاتێکیش باسی کەرکووک دەکرا، ئەگەر کەرکوک لەنیو حوکمی زاتیش بوایە هەر بەشێک بوو لە عێراق، حوکمی زاتی و کەرکوک پێکەوە بەشێک دەبوون لە عێراق، بەڵام کاتێک نیوەی شەتولعەرەب و سەیدساعب و زەینوقەوس لە دەست عێراق چوون بەهۆی چارەسەرنەکردنی کیشەی کوردەوە. هەروەها، ئامادەبوون بەشێک لە خاک و ئاوی عێراق بدەن بە ئێران، بەڵام ئامادەنەبوون کیشەیەکی ناوخۆیی چارەسەر بکەن. ئەمە عەقڵێتێکە بەردەوام بووە و ئێستاش ئەم عەقڵێتە بەشێکی لەنیو عێراق و دەسەڵاتداران و حکومڕانانی عێراق ماوەتەوە. ئێمە ئومێد دەکەین ئەم هەڵبژاردنە ببێتە مایەی ئەوەی ئەم بیر و بۆچوونە گۆڕانکاری بەسەردا بێت و هەمووومان بەو هێوایەین کە ئەم هەڵبژاردنی پێشوەختەیە بۆ ئەوەبێت کە شێوازێک بدۆزینەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کیشانە و چیدیکە ئەم ناسەقامگیریی لە عێراقدا بەردەوام نەبێت کە بووەتە هۆی دواکەوتنی هەموو عێراق بە کورد، سوننە شیعەوە.

هەروەها، ئەگەر داخوازی خەڵکانێک بەدی نەیەت کە لە پێناویدا گیانی خۆی بەخشی، خەڵکێکی زۆر بۆ ماوەیەکی درێژ لە شەقام مایەوە و مانگرتنیان ئەنجامدا و سینگی خۆیان دایە بەر گولە لەپێناو ئەو ڕەوشەی هەیە بێگوڕن بۆ دۆخێکی باشتر کە پێی ڕازی نەبوون. لەڕاستیدا چاوەڕوانی خەڵک ئەوە بووە کە ئێستا قۆناخێکی سەختە و پێویستە بگۆڕدرێت، بەڵام ئایا دەتوانین ئەمە بکەین یان نا؟

لەلایەکی دیکەوە ئەوەی تاوەکو ئێستا هەیە ئەوەیە کە لێتێگەیشتن لەنیوان پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق هەبێت، کە عێراق بۆخۆی وڵاتێکی فرە نەتەوە، فرە مەزهەب و فرە ئایین، بەڵام بەیەک نەتەوە و بەیەک ئایین و بەیەک مەزهەب بەڕێوەناچێت و ئەمەش بە ئەزموون دەرکەتووە، برایانی سوننە تاقیان کردەوە و شکستیان هێنا، چەندین ساڵ بە ئاسن و ئاگر حکومیان کرد نە شیعە و نە کوردیان لە عێراق پێی ڕازی نەکرا. ئیستاش ماوەیەکی دوور و درێژە شیعە حکومی عێراق دەکات، کە نەتوانیویەتی کورد ڕازی بکات و نەتوانیویەتی سوننە ڕازی بکات. بۆیە دەڵێم ئەم ڕێچکەیە دەبێت بگۆڕدرێت. دەبێت بەیەکەوە هەموو بڵێین ئێمە هەموومان خەڵکی ئەم وڵاتەین و پێکەوە دەبێت ئەم گۆڕانکارییە بکەین، ئەویش بە هاوبەشی و لێکتێگەیشتن کە لەناو کایەی سیاسی ببێتە چەمکێک بۆ ئەوەی هەموان قبوڵی بکەین.

لەبارەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە، چ لەناوخۆی کوردستان و عێراق دەگۆڕێت، چ کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکانی یەکێتی و پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات. هەروەها، جێ گۆڕکییەک لەنیو ئۆپۆزسیۆن درووست بووە، جۆرێکی نوێ ئۆپۆزسیۆن هاتووەتە ئاراوە، ئەمانە چ لە هاوسەنگی هێز لەنیوخۆی هەرێمی کوردستان دەکات، **مەحموود محەممەد** ئاماژەی بەوەکرد چاوەڕوانییەکە ئەوەیە کە پێکهاتنێک لەنیو لایەنەکان لەسەر کارنامەیەکی سەردەمی کە ویست و خواستی هەموو گەلی عێراق بێت. هەروەها، ئەم کارنامەیە ببێتە کارنامەی حکومەتی داهاتوو بۆ ئەوەی کە بتوانێت ئەو کیشانەی هەیە چارەسەری بکات، چ ئەو کیشانەی لە باشوور و ناوەڕاست و چ لە کوردستان هەیە . سەبارەت بە نیوخۆی کوردستان

ئێمە دەستمان بە کۆمەڵێک جموجۆڵ کردووە و هەوڵدەدەین یەک دەنگییەک درووست بکەین و ئەو یەک دەنگییە بۆ ئەوەیە لە پرۆسەی سیاسی عێراق بەشدار بین و کاریگەرییمان هەبێت. ئەم کابینەیەی کە پێکدێت گوزارشت لە ویست و خواستی سوننە و شیعە و کورد و کلدان سریان و تورکمان و ئاشووری و ئێزدی بکات. بەشێوەیەکی گشتی ببێتە کارنامەیەک بۆ ئەوەی عێراق بەرەو پێشکەوتن بچێت و عێراق پڕە لەسەروەت و مرۆڤی پێشکەوتوو، بەڵام تاوەکو ئێستا سوود لە سەرچاوەی مرۆیی و سەروەتی ژێر زەوی و سەر زەوی عێراق وەرنەگیراوە، ئەگەر بەم شێوەیە نەکرێت ئەوا دەبێنە یەکێک لە هەرە وڵاتە دواکەوتووەکان لە جیهاندا و بەرەو کارەسات دەڕوات.

لەبارەی سەرنج لەسەر قسەکانی مەحموود محەممەد، **کاتع رکابی،** پەرلەمانتاری دەوڵەتی یاسا ئاماژەی بەوەکرد سەرم سوڕما لەوەی کە بەڕێز مەحموود محەممەد دەڵێت "کەوا شیعە بە تاکڕەوی هاوشێوەی سەدام دەوڵەتیان بەڕێوەبردووە، کوا ئەو تاکڕەوییە؟ لە 2003وە تاوەکو ئێستا کوا تاکڕەوی دەسەڵاتی بەڕێوەبردووە، ئێمە بەهاوبەشی لەگەڵ کورد و سوننە دەسەڵاتمان لە عێراق بەڕێوەبردووە.

هەروەها **د.تالب محەممەد،** جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی ناوەندی لێکۆڵینەوەی رافیدەین ئاماژەی بەوەکرد ئایا هیچ جیاوازییەک نییە لەنێوان سیستمی سەدام حسین کە سیستمێکی دیکتاتۆری بوو لەگەڵ ئەو سیستمە دیموکراسییە کەلە پاش 2003وە لە عێراق پەیڕەودەکرێت کە دەستوور بنەماکەی داناوە. هەروەها، لایەنە کوردییەکان و لایەنە سونییەکان تێدا بەشدار بوونە. دەستووری عێراق لەماددەیەکدا دەڵێت عێراق دەوڵەتێکی یەکگرتوو و یەک دەوڵەت و سیستمی دەسەڵات تێدا سیستمێکی فیدراڵییە، کە ئەمەش بەهیچ شێوەیەک بەراورد ناکرێت بە پێشوتر، لەکاتێکدا ئێستا هەموو پێکهاتەکان تێدا بەشدارن.

**د. یوسف گۆران،** وەزیری پێشووتری خوێندنی باڵا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوەکرد رەخنەی کورد لە سیستمی کۆن (سەدام) زۆر جیاوازی هەیە لەوەی شیعە یاخود ئەوەی ئێستا لە عێراق ڕوودەدات. ئێمە پێمانوایە کە دەسەڵاتی سەدام دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری بووە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئەوەی ئێستا لەعێراق هەیە هەموو حەز و ئاواتەکانی کورد جێبەجێکردووە. ڕاستە ئەو دەستوورە بەیەکەوە دامانناوە، بەڵام بەیەکەوە جێبەجێمان نەکردووە و بەشێکی زۆری ئەو دەستوورە جێبەجێ نەکراوە. ئەگەر ئێمە پارێزبەندییەکمان لەسەر دەستوور و ئەو دەسەڵاتەی لەدوای 2005وە درووستکراوە هەبێت ئەویش ئەوەیە بەڵی بەیەکەوە دەستوورێکی دیموکراتیمان درووستکردووە، بەڵام ئایا ئەم دەستوورە وەک خۆی جێبەجێکراوە؟ هەروەها تەنانەت شیعە خۆیشی ڕازییە لە جێبەجێکردنی دەستوورەکە، ڕەنگە ئەمە بۆ کورد زۆر جیاوازی وەک لەوەی بۆ شیعە و سوننە، چونکە چاوەڕوانمان دەکرد ئەوانەی لەدەستوور دانراوە جێبەجێ بکرێت، بەڵام دەبینن زۆر لە کیشەکان وەک خۆی ماوەتەوە.



لە وەڵامی بەشداربووندا **مەحموود محەممەد** ئاماژەی بەوەکرد لەڕاستیدا من بەراوردی ئەوەم نەکرد کە ئەو زۆڵمەی بەسەر کورد و شیعەدا هاتووە لەسەردەمی سەدام لەگەڵ ئەوەی ئێستا، بەڵکو من گوتم ئەوانمان تاقیکردەوە و ئەمانیشمان تاقیکردەوە، ئەوان بەشێوازێک حوکمیان کرد کە ئاگر و ئاسن بووە. هەروەها ئەوە زۆر راستە کە زۆڵمیان لە کورد و شیعە و لەخۆشیان کرد، چونکە ئێستاش سوننە بەدەست ئەوە دەناڵێنن کە نەیانهێشت کەس لەناو سوننەدا دروست بێت و ببێتە سەرکردەیەک، کە ئێستا بتوانێت هەموویان کۆبکاتەوە، ئەمەش زۆڵمێکە لە سوننە کراوە. راستە دەستوور بەیەکەوە دروستمانکرد و دەوری کورد و سەرۆک مەسعود بارزانی و سەرۆک مام جەلال تێیدا بەشدار بوون، بەڵام ئایا ئێمە دەستوورمان وەک ئەوەی هەیە جێبەجێکردووە یان چەند ماددەیەکمان هەڵبژاردووە و جێبەجێ دەکەین.

لە چەند ماددەدا دەسەڵات گووتویەتی ئەم دەستوورە لەکاتی داگیرکردندا نووسراوە و جێبەجێ ناکەین، سوننە داوای هەرێمی کرد بە ئاگر و ئاسن لێنادا، جیاوازی چییە؟ دەبێت ئێمە روو راست بین و ئێمە لەگەڵ ئەو خەڵکە راستگۆیانە قسەبکەین، نابێت لەبەرئەوەی بەیەکەوەین رەخنە لەیەک نەگرین، دەبێت رەخنە لەیەکیش بگرین و ئەمەش بەو مانایە نییە کە رقمان لە یەکە دەبێتەوە. لەراستیدا ئێمە بەیەکەوە کار دەکەین، ئەم پێکەوە کارکردنەمان رێگەمان لێناگرێت لەوەی بڵێین ئێستاش ئەو خواستەی خەڵکی عێراق هەیەتی نەهاوتووەتە دی، ئەو رەوشەی لە پارێزگاکانی شیعە هەیە خۆ کورد درووستی نەکردووە، خۆ سوننە درووستی نەکردووە، خۆتان درووستان کردووە، کە بەوەش نارەحەت دەبن.

لەعێراق حوکم، حوکمی ئێوەیە و دەسەڵاتەکان لەدەستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دایە، سەرۆککومار و سەرۆکی پەرلەمان ئەو دەسەڵاتەیان نییە، هەیشی بێت فەرموو ئەوانەی دەسەڵاتیان هەیە هاتوونەتە سەر شەقام و بە ئەنجامی هەڵبژاردن رازی نین، کەواتە دەسەڵات لەدەستی خۆتان دایە و لای ئێمە و ئەوانی دیشدا نییە. هەروەها، ئێمە باس لەمانە دەکەین و باسی بەراوردی نێوان حوکمی سەدام و دەسەڵاتی شیعی

ئێستا ناکەین، ئێمە باس لەوە دەکەین هاوبەشی بەمانای ئەوەی کە تایفی سوننە بەوشێوەیە کردی و تایفی شیعە بەوشێوەیە کردی کە ئێستا خەڵک لێ ڕازی نییە و خودی شیعە لێ ڕازی نییە.

لەبارەی نارەزایەتی کورد لە شیعە و ئەو دیدگایەی کە ئەوەی لە عێراق هەیە، حوکمی شیعەیە، سیاسەتمەدارانی شیعە چ دەکەن بۆ ڕەواندنەوەی ئەمە لە میشکی هاوڵاتیکی کورد و هاوڵاتێکی سوننە لەم وڵاتەدا. **د. کاتع رکابی،** گوتی ئێمە هاتووین بۆ ئەوەی بابەتی هەڵبژاردن و بابەتی پێکهێنانی حکومەت گفتوگۆ بکەین و نەهاتووین بۆ ئەوەی خەم و کێشەکانمان لەنێوان کورد و شیعە، کورد و سوننە بخەینەڕوو، تێبینی زۆر هەیە، لەبارەی ئەوەی کە لە 2003وە تاوەکو ئێستا حکومی شیعەیە ڕاست نییە، چونکە حکومەتێک نییە بەناوی حکومەتی شیعە و ڕاستە سەرۆکوەزیرانێکی شیعەمان هەبووە، ئەوە ئەو دابەشبوونە بووە کە کورد لەسەر ڕازی بووە، هەروەها سەرۆکی وڵات بۆ کورد، سەرۆکی پەرلەمان بۆ سوننە و سەرۆکوەزیران بۆ شیعەی بێت. دەستوور هەر ئەوەیە کە دەسەڵاتی داوەتە سەرۆکوەزیران، مەبەست ئەوە نییە کە لێرە پێشێلی دەسەڵاتەکانی کردووە و شیعەکان ئەو کارەیان بەشێوەیەکی فەرمی یاخود نافەرمی ئەنجامدا بێت.

لەبارەی هەبوونی ململانی لەنێوان مالیکی و مقتەدا سەدر، **کاتع رکابی** ئاماژەی بەوەکرد "ململانی لەنێوان سەدر و مالیکی نییە، جیاوازی بیر و بۆچوونەکان هەیە و سوپاس بۆخوا تاوەکو ئێستا نەگەیشتووەتە ململانی و ناکۆکی هەیە و چارەسەر دەکرێت".

**عەباس یاسری،** سەرۆکی ناوەندی ئیشان بۆ لێکۆڵینەوەو گەشەپێدانی ستراتیجی ئاماژەی بەوەکرد باس لە بابەتی دەستوور و پابەند نەبوون بە دەستوور و پێکهێنانی حکومەت کرا، چ حکومەتی شیعی بێت یان سوننی بێت یانیش کوردی، هەموو یەک کێشەیە. ئەویش پابەندنەبوون بە دەستوور، هەموو لایەک ئەوە دەزانێت دەستوور بە تەنیا سوودی نییە ئەگەر نەریتی سیاسی پێوە نەچەسپێت،ئەمەش بە داخەوە پێشێلکاری لە دەستوور کراوە، کە دواتر کاریگەری لەسەر جێبەجێکردنی دەستوور هەبوو. چۆن ئەو نەریتەیان پێشێل کرد؟ سەرەتا هاتن و یارییان بە سوننەکان کرد لە سەرەتای 2003، هاوپەیمانیان لەگەڵ لایەنێک کرد، دروستکردنی چەند ناوەندێک هێز لەنێو سوننە وایانی لێکرد بڕیار لەدەست بدەن، دواتر لە هاوپەیمانی لەگەڵ لایەنێک کشانەوە و چوونە گەر لایەنێکی دیکە. هەروەە کوردەکان بینیان بابەتەکە بەو جۆرە نییە کە خۆیان دەیانەوێت دەکشانەوە و ئاراستەیەکی دیکەیان دەگرتەبەر تەنانەت لەسەر ئاستی شیعەش، هاوپەیمانییتیەکانیان لەگەڵ لایەنە شیعیەکان هەرجارە و لەگەڵ لایەنێک وایانی لێکرد کەس متمانەی بەکەس نەمێنێت و ئەو نەریتە سیاسییەش نەمێنێت. بۆیە بە بڕوای من دەستوور بە تەنیا چارەسەری کێشەکانمان ناکات، بەڵکو پێویستمان بە داب و نەریتێکی سیاسییە تاوەکو بتوانین لە ڕێگەیەوە کێشەکان چارەسەر بکەین.

لەبارەی ئەنجامی هەڵبژاردن و ئەو ئەنجامەی ئێستا لەبەردەستە چ کاریگەرییەکی لەسەر پەیوەندی کورد و شیعە دادەنێت و بەرەو کوێ دەبات، **عەباس یاسری،** گوتی ئەنجامە سەرەتاییەکان کاریگەریان لەسەر پەیوەندیی نێوان سێ پێکهاتە سەرەکییەکەی وڵات نابێت، بەڵکو کاریگەرییان لەسەر نێوخۆی یەک پێکهاتە دەبێت. ئێستاش هەموو لایەک چاوەڕێی دەکەن، سوننە چاوەڕێی کورد دەکات کە چۆن هاوپەیمانییان لەگەڵ دەکەن، لایەنە شیعەکانیش چاوەڕێن، لایەنێک چاوەڕێی لایەنێکی دیکە دەکات. بەڵام کاریگەری ئەنجامەکان لەسەر هاوکێشەی هێز و سەقامگیری لە عێراق. بە بڕوای من گۆڕانکاری لە هاوکێشەی هێز

لە عێراق ڕوونادات، هاوکێشەی هێز پەیوەستە بە پارە، چەک و پێگەی سیاسی هەر لایەنێک. بۆ نموونە ئەگەر پارتی دیموکراتی کوردستان 5 کورسی بە دەستبهێنێت، کەس ناتوانێت پارتی لە پێکهێنانی حکومەت و پرسە ستراتیژییەکانی وڵات پەراوێز بخات، ئەمە بۆ دەوڵەتی قانوون، تەقەدوومی سوننی و لایەنەکانی دیکەش ڕاستە. لەڕاستیدا ئەوەی مەترسی لەسەرە سەقامگیریی عێراقە، چونکە ئەوەی ئەنجامەکان کاریگەری دروست دەکات، سەقامگیریە. سەقامگیری لە عێراق لەژێر هەڕەشەدایە، چونکە دابونەریتێکی سیاسیمان نییە بۆ چارەسەکردنی قەیرانەکانمان، هەر قەیرانێک بێتە پێشەوە یان دەست بۆ چەک دەبردرێت یان بە توندوتیژی چارەسەر دەکرێت.ئێستا هەموو لایەنەکان سەرچاوەی هێزیان هەیە، لە پارە و چەک و پێگەی جەماوەری. لێرە و لەوێ کاریگەری لەسەر هەندێک هێز دروست دەکات، بەڵام پارە و چەک حکوم دەکەن و ئەوە هێزەکەیە و هەر ئەمەش هەڕەشە لە سەقامگیری دەکات.هەروەها ئەگەر هەموو ئەو هێزانەی لەدەرەوەی دەستوور پەراوێزیان بخەین ناتوانین چارەسەر کیشەکان بکەین.

لەبارەی نارەزایەتی گرووپە چەکدارەکان و باڵی چەکداریی فەتح، یاخود حەشد دەتوانێت چ کاریگەرییەکی هەبێت لەسەر سەقامگیری سیاسی لە عێراق و ئەنجامی هەڵبژاردنەکان. **د. محەممەد عگێلی،** بەڕێوەبەری گشتی ناوەندی لێکۆڵینەوەی نەهرین ئاماژەی بەوەکرد هەموو ئەو هەوڵانەی ئێمە بۆ ئەوەیە کە کۆدەنگییەک بۆ سەقامگیریی درووست بکەین نەوەکو بۆ شتێکی دیکە بێت، توندڕەوی هیچ هەڵوێستێکی نابێت و گەڕانەوە بۆ هەڵویستە کۆنەکان ناکۆکی زیاتر دەکات و چڕتری دەکاتەوە، پێویستە بچین بەرەو خاڵە هاوبەشەکان و چارەسەرەکان. هەروەها، کار لەسەر سەقامگیریی بکەین و بەگشتی سەقامگیریی ریژەییە و ئەو تایبەتمەندییەی دەدرێت بەم هەڵبژاردنە، ئەویش ئەوەیە کە هاوشێوەی هەڵبژاردنی 2006 و 2010 کە بە لیستی داخراو هەڵبژاردن ئەنجامدرا، لەو کاتەدا باس لە جێبەجێکردنی دەستوور نەکرا، بەڵکو ئێستا گەیشتووینەتە 2021 باسی دەستوور و جێبەجێکردنی دەستوور دەکەین. یەکێک لە تایبەتمەندییە باشەکانی ئەم هەڵبژاردنە، فراکسیۆنی ستوونی بۆ دروستکردین، جیاواز لە هەڵبژاردنەکانی 2010 و 2014 و 2018، لەو هەڵبژاردنانە ژمارەیەکی زۆر فراکسیۆنی سیاسی دروستبوون بە شێوەیەکی ئاسۆیی، ئەمەش وایکردبوو پێکهێنانی هاوپەیمانی سەخت بێت، بڕیاری عێراقیش سەخت بوو. ئەو بڕیارانەی دەریش دەکران لە ئاستی ئەو ئاڵنگارییانە نەبوون کە لەو سەردەمەدا هەبوون و ڕووبەڕووی حکومەت دەبوونەوە.

پەرلەمانەکانی 2006 و 2010 باشترین خولەکانی پەرلەمانی عێراق بوون، ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنەش کە ئێستا هەیە دەبێت وەبەرهێنانی تێدا بکرێت، فراکسیۆنە سەرەکییەکان بە یەکەوەبن، ئەوانەی سەرکەوتنیشیان بەدەست نەهێناوە ئەوانیش دەتوانن بەشداربن لە حکومەت بە شێوەیەک دانەبڕێن و دژی پەرلەمان و حکومەت نەوەستنەوە. لە بابەتی شیعەدا چەندین جەمسەر هەن، سەدر هەیە، دەوڵەتی یاسا هەیە، پێموانییە ململانێ هەبێت، جیاوازی لە بیروبۆچوون لەنێوان لایەنە شیعییەکان نەگەیشتووەتە ئاستێک کە چەک لە بەرامبەر یەک هەڵبگرن. چونکە ڕەوتی سەدر دەنگی لەسەر دەوڵەتی مالیکی دا، واتە تاوەکو 2014 ، هەروەها ئەو ناکۆکییە نەگەیشتووەتە ئاستی پێکدادانی چەکداریی و لەکاتێکدا چەک هەبوو و هێزی چەکدار هەبوو، وەک دەزانین لە 2019 هێزەکانی سەدر چوونە نێو ناوچەی سەوز و ناو پەرلەمان، بەڵام ململانی نێوان سەدر و مالیکی نەگەیشتووەتە ئاستی چەکداریی و ئەمەش دەریدەخات کە تەنیا ناکۆکییە. هەر بۆیەش دەبێت بەشێوەیەکی هۆشیارانە ڕووبەڕووی ئەو کیشانە ببێنەوە.

خاڵیکی دیکە لەنێوان دەوڵەتی یاسا و مقتەدا سەدر ناکۆکییەکان کەمتر و هاوبەشییەکان زۆرترن، تەنانەتیش لەنێو فراکسیۆنەکاندا شیعە و کورد و سوننەدا، بەڵام بەداخەوە ئێمە دەچین بەلای ئەو خاڵانەی ناکۆکین و ناچین بەلای ئەو خاڵانەدا کە هاوبەشین، بۆیە دەبێت بگەڕینەوە بۆ هاوپەیمانی گەورەکان، کە ئەمەش لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکاندا بەدی هاتووە.

لەبارەی بەهێزبوونی محەممەد حەلبووسی و کۆکردنەوەی سوننەکانەوە، ئایا ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی نارەزایەتی سوننە کەناڵیزەی سیاسەت بێت و ببێتە هۆی لاوازبوونی داعش و گرووپە توندڕەوەکانی دیکە، چونکە هیوایەک هەیە کە سوننەکان لە دەوری سەرکردەیەک کۆببنەوە. هەروەها، ئەمە تاوەکو رادەیەک چ کاریگەری لەسەر رەوشی ئەو ناوچانە دەبێت لەبەر رۆشنایی ئەنجامەکاندا. **محەممەد عگێلی** گوتی هەر نزیکبوونەوەیەک لەنێوان فراکسیۆنەکاندا بابەتێکی ئەرێنییە، ئەم هاوپەیمانی بەشێوەی ستوونی دەکرێت بەهێز بکرێت و وەک ئەزموونێکی دیموکراسی بێت، بەڵام ئەگەر جێبەجێ نەکرێت ئەوا دیموکراسی جێبەجێ ناکرێت.

لەڕاستیدا ئەو بارودۆخەی عێراق پێدا تێپەڕیوە سەخت بووە و لەبەرئەوەش لە ئەو کاتەدا دەستوور جێبەجێ نەکراوە، ئێستا خەڵک هەیە باس لە جێبەجێ نەکردنی دەستوور دەکات، بەڵام ئەو کێشانە لەبیر دەکات کە لەوکاتەدا هەبوون، هەروەها چۆن دەکرێت بڕگەکانی دەستوور لەبارودۆخێکی تەمومژاوی جێبەجێ بکرێت، چۆن دەرکردنی بڕیاری سیاسی لە دۆخێکی ئەمنی کە کاریگەری خراپی لەسەر وڵات هەبێت بدرێت؟ بۆیە پێویستە سەرکردە و هاوپەیمانەکان بەیەکەوە کار بکەن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە پێکهاتەکان لەنیوخۆیاندا ئاڵینگارییان هەیە، پێویستە هاوپەیمانی گەورەکان بڕۆن بەرەو هاوپەیمانی گەورەتر و ڕووبەڕووی ئاڵینگارییەکان ببنەوە. لە کۆتاییدا دەڵێم لەوانەیە ئاستی داواکاری لایەنەکان خواستی ئەم هەڵبژاردنە لەناو ببات.



**د.تاڵب محەممەد**، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕافیدەین لەبارەی ئەنجامی هەڵبژاردن و کاریگەری لەسەر سەقامگیریی سیاسی ئاماژەی بەوەکرد "کاتێک قسە لەسەر هاوکێشەی هێز دەکەین، هێز بە مانای دەسەڵات دێت، لایەنەکانی هاوکێشەکە کامانەن؟ پێموایە لایەنی هاوکێشەی هێز گەلە، چونکە حکومەتەکان بە تەوافوقی نەتەوەیی هاتوون، بە نموونە حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی بە تەوافوقێکی گەورەوە دروستکرا، بەڵام ئەو حکومەتە درێژەی نەکێشا و خۆپێشاندا کرا، گەل بە هەموو پێکهاتە و چین و توێژەکانەوە خۆپێشاندانیان کرد و هەموو لایەکیش کۆکبوون لەسەر ئەو مافە. کەواتەی ئەوەی کە کۆنترۆڵی ئەو هاوکێشەیە دەکات، سەقامگیریی کۆمەڵایەتییە ".

لەبارەی ڕێژەی بەشداریی دەنگدان و کاریگەریی لەسەر سەقامگیریی لە عێراق و سەقامگیریی کۆمەڵایەتی لە عێراق، لەکاتێکدا لە 2018 ئەو بایکۆتەی خەڵک کردی و دواجار خۆپێشاندانەکانی تشرینییەکانی لێکەوتەوە، ئایا بەنزیکەی ئەم لە 60% دەنگی نەداوە دەبێتە هۆی ئەوەی ناسەقامگیرییەکی دیکە لە هاوینی داهاتوو یاخود کاتێکی دیکەدا لە عێراق بهێنێتە ئاراوە؟ **د. تاڵب محەممەد** گوتی بەپێی کۆمیسۆن سەرەتا گوتی ڕێژەی بەشداریی 41% و دواتر گوتی 43% بەشداریی کردووە، بەڵام باس لە 38% ڕێژەی بەشداریی خەڵک دەکرێت لەم هەڵبژاردنەدا. ئەمەش ئەو ڕێژەیە لەنیو ئەو ملیۆنانەی کە کارتی بایۆمەترییان وەرنەگرتووە، واتە نزیکەی 57% بەشدارییان نەکردووە، ئەمەش نیشانەیەکی ڕوونە، کە دان بە پرۆسەی پەرلەمان و دواتر سەرۆککۆمار و دواتریش سەرۆکوەزیران نەناوە. لەرووی کۆمەڵایەتییەوە پەیامێکی قورسە، بۆیە کاتێک دەڵێن سەقامگیریی، لەسەقامگیریی کۆمەڵگەوە دەستپێدەکات.  سەقامگیریی سێ خاڵی سەرەکییە کەئەویش بابەتی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیە سەرەڕای هەموو ئەو ئاڵینگارییانەی ڕووبەڕووی عێراق بووەتەوە. هەروەها سیستمی دیموکراسی لە عێراقدا پەسەندی لە وڵاتانی دراوسی وەرنەگرتووە و هەڕەشە لە ئاسایشی نیشتمانی وڵاتانی دراوسی دەکات. هەربۆیەش ئەوەی وادەکات کە عێراق بەم شێوەیە بەردەوام نەبێت، ئەوا دەبێت سەیری وڵاتانی دراوسی نەکات.

لە لایەکی دیکەوە بۆ ئەوەی عێراق ڕووبەڕووی ئاڵینگارییەکان ببێتە دەبێت سەیری ئەو 57% بکات، کە هیوای بە پرۆسەی سیاسی عێراق نییە، ئەگەری خۆپیشاندان هەیە. ئەوکاتیش دەردەکەوێت ئەو 43% هاتوونەتە نیو پرۆسەی سیاسی بۆ گۆڕانکاری کە سازش بۆ لایەنەکان ئاسان تر دەکات. بۆیە کات لێرەدا گرنگە بۆ پێکهێنانی حکومەت، چونکە  ئێستا لە بازاڕ و شەقام و زانکۆکان بیر لەوە دەکرێتەوە چ پێکدەهێنن، ئایا هەمان حکومەت پێکدەهێنن لەسەر بنەمای تەوافوقی سیاسی یان شێوایکی دیکە؟ ئایا لێکۆڵینەوەی ڕاستەقینە هەیە لەسەر کیشەی ئاو و کیشەی ئابووری و کیشەکانی دیکە؟ کە لەوانەیە حکومەت نەتوانێت چارەسەریان بکات بە بیانووی جیاوازەوە. هەروەها، چۆن ڕێژەی هەژاری کەمدەکرێتەوە لە عێراق، ئەو ڕێژەی هەژارییە بەرزەی لە عێراقدا هەیە، چۆن مامەڵە لەگەڵ سەتان هەزار بێوەژن لە عێراق دەکرێت، چۆن مامەڵە لەگەڵ سیستمی پەروەردەدا بکەین ، هەموو ئەمانە دەریدەخەن حکومەتی داهاتووی عێراق ئەرکێکی زۆر سەختی دەبێت، هیوادارین حکومەتی داهاتوو بەهێز بێت و بڕیارێک بدات نزیک بێت لە میزاجی خەڵکی عێراقەوە و ئەو بارودۆخەی عێراقی تێدایە دەرباز بکات لەجیاتی بابەتی ئایدۆلۆژی بابەتی زۆر بەرزی دروشمی چاکسازی ئابووری.

**د. سعود مەشهەدانی،** راوێژکاری حەلبوسی و بەڕێوەبەری ناوەندی لێکۆڵینەوەی یەرمووک گوتی لەراستیدا تێبینییەکم لەسەر دەستوور هەیە، بابەتی دەستوور ماوەیەکی زۆری لە گفتوگۆکان برد و پێموایە دەستووری عێراق تا ئەو رادەیە خراپ نییە و لەسەر ئاستی ناوچەکە دەستوورێکی باشە و چەندین وڵاتی دیکە دەستووریان تێبینیان لەسەرە و تێبینییەکانیان زیاترە لەو تێبینیانەی کە لەسەر دەستووری عێراق هەیە. بۆ نموونە بەریتانیا وڵاتێکە دەستووری نییە، وڵاتی زۆر هەن کە لەنیو دەستووردا بابەتی رەگەزپەرستی باس کراوە، بەڵام کۆمەڵگە توانیویەتی باز بەسەر ئەو کیشانەدا بدات. دەستوور بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی بتوانێت دەسەڵاتەکان لەنیوان یەکدا رێکبخات. هەروەها، خەڵک ماف بەدەسەڵاتەکان دەدات بۆ ماف و گوزەرانێکی باشتر. بۆیە کاتێک باس لە کیشەکان دەکەین دەچینەوە سەر دەستوور و ئەم دەستوورە وانیشان دەدەین کە ئەم کیشە و ناکۆکی و کەڵەکەبوونی کیشانە لەسەرجەم بوارەکان دەگەڕینەوە بۆ دەستوور، پێموایە دەستوور خراپ نییە و ئەو کەسانەی باس لە دەستوور دەکەن بڕگەکان دەسنیشان بکەن لەنیو دەستووردا کە کیشە و قەیرانی درووستکردووە، چونکە ئەوەی هەیە بەهۆی سەرکردە سیاسییەکان بووە نەوەکو بەهۆی دەستوورەوە بوو بێت.



لەبارەی رۆڵی سوننەکان لە عێراق لەدوای 2005وە کە بە دوو ئاراستەی جیاواز رۆشتووە، ئاراستەیەک بەشدار بێت لەسیاسەتی عێراق کە ئەم توێژێک لاواز بوو، ئاراستەیەکیش وەک نارەزایەتی دەرکەوت کە رێکخراوی تیرۆریستی لە عێراق سەریهەڵدا کە بەشێکی لەنیو شەقامی سوننەکان بوو و رەنگدانەوەی ئەو نارەزایەی لەنیو شەقامی سوننەکاندا هەبووە. ئیستا بەهێزبوونەوەیەک لەنیو شەقامی سوننە دەبینرێت و لە سیاسەتی سوننەکان، ئایا ئەمە بەواتای لاوازبوون و کۆتاییهاتنی ئەو کەناڵەی نارەزایەتی لە عێراق دێت کە بەشێوەی ناشەرعی گوزارشتی لەخۆدەگرت و ئایا ئەم دۆخە تازەیە کەناڵیزەی سیاسەت دەبێت؟ **د. سعود مەشهەدانی** "ئێمە لە دوای 2003 نەهامەتی زۆرمان بینی، سوننەکان هەمیشە بەوە ناسرابوون کە وەلایان بۆ دەوڵەت هەبووە لە ساڵی 1921وە، بەڵام مەرجەعیەتێکی ئایینی روونیان نەبووە. لە دوای 2005 ئەو کێشانەی کە روویاندا، قۆناخەکە سەرکردەی سوننەی بەهێزیان نەخستەڕوو بۆ نەخشەی

سیاسی عێراق. هەندێک سەرکردەی سوننە هەبوون، ئەوانە نەیانتوانی یەکڕیزی لەنێو سوننە دروست بکەن، ئەمە سەرباری ئەو ئاڵنگارییانەی کە ئێمە بە دەستیانەوە نەهامەتیان بینی، لە ناوچە سوننیەکان ڕێکخراوی قاعیدە، تیرۆر داعش، ململانێی گەورە روویاندا.

بەڕێز حەلبووسی ئەزموونێکی نایابە، ئەو تەنانەت لە بابەتی سەقامگیری لە ناوچە سوننەکان نەیانتوانی سەقامگیری دروست بکەن، بەڵام جۆرێک لە سەقامگیری لەو پارێزگایە دروست بکەن، لەبەر ئەوەی خۆی بەڵێندەرە و ئەندازیاریشە، توانی هەندێک دەستکەوت بەدەستبهێنێت کە کەسی دیکە نەیتوانی، بەمەش پەیامێکی بۆ پارێزگاکانی دیکە نارد، پەیامەکەش ئەوەیە کە ئەو پیاوە توانی سەقامگیری دروست بکات، پارێزگاکانی دیکە وایان لێهات کە چاو لە بەڕێز حەلبووسی بکەن. ئەوانیش ئومێدیان خواست سەرکردەی وەکو ئەو پیاوە دەربخەن. بۆیە پارێزگاکانی دیکە چاوی لێ دەکەن، توانی قبوڵکردنی لەنێو شەقامی سوننە بەدەست بهێنێت، ئەمەش سەرباری ئەوەی ئێمە بەدوای چەترێکی سیاسی بەهێز بگەڕین، ئەو دابەشبوونەی کە هەبوو بڕیاری سیاسی لاوازکرد و بەشداریی سیاسی زۆر کەم بووە، بەپێچەوانەوە ئیمە هەمیشە تۆمەتبار کراوین بە تۆمەتی زۆر و هەستمان کرد بەوەی هەنگاو بە هەنگاو گەیشتینە ئەو قۆناخەی کە ئەمڕۆ سەرکردەی بەهێزمان هەیە و کەناڵێزە دەکرێت بۆ کاری سیاسی و گوی لێدەگرێت. هەروەها، هەستمان کرد کە لایەنێکی سیاسی هەیە جێگەی متمانەیە و بکرێتە چەترێکی سیاسی کە وابکات سوننەکان بەشداربن لە حکومەت، وەک ساڵانی رابردوو نەبوو کە 10 کورسییان هەبووە، بۆیە ئێستا وای لێهاتووە کە دەبێت بۆچوونی سوننەکان بەشداریی پێبکرێت.

پرۆژەی سوننەکان وەڵامی شەقامی هەبووە و چەترێک بووە بۆ بەرگریکردن لەمافەکانیان. ئەمڕۆ سوننە کورسی هەیە، بۆ نموونەش وەک دەزانن پارتی تەقەدوم مامەڵەکردن لەگەڵیدا جیاواز دەبێت، چونکە کورسی لە پەرلەمان هەیە، ئەمەش ئەوەیە کە ئێمە بگەینێتە پارتێکی کاریگەر و خواستی پێکهاتەی سوننە جێبەجێ بکات و پرۆسەیەکی سیاسی بەردەوام بکەین تاوەکو بگەین بە مافەکانی خۆمان، بەڕێز حەلبووسی توانی ئەو پرۆژەیە تەواوبکات بۆ سوننەکان.

**د. عومەر نورەدینی**، مامۆستای زانکۆی لوبنانی بەشدارییەکی دیکەی مێزگردەکە بوو ئاماژەی بەوەکرد ئەوەی گرنگە گفتوگۆ دەکەین، ئەمە رێگا راستەکەیە، ئەوەی پەیوەندی بە هاوسەنگی هێز و سەقامگیری لەژێر رۆشنایی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان هەیە. لەڕاستیدا هەست بەگۆرانکاری دەکرێت. یەکێک لە دەرئەنجامەکان ئەوەیە کە ئەم پرسە رەهەندێکی پێکهاتەیی هەیە بەتایبەتی پەیوەست بە فرە نەتەوەیی و فرە مەزهەبی لە عیراق. هەروەها رەهەندێکی سیاسی هەیە کە پەیوەندی بەلایەنە سیاسییەکانەوە هەیە لەنێو هەر پێکهاتەیەکدا، پرسەکە تەنیا پرسێکی نیوخۆی عێراق نییە و رەهەندێکی ناوچەیی و نێودەوڵەتی هەیە کە کاریگەری لەسەر هاوسەنگی هێز و سەقامگیریی هەیە. لەبارەی ئەوەی پەیوەندی بە رەهەندی لایەنە سیاسییەکانەوە هەیە گورانەکە لەرێزبەندی هێزەکاندایە، بۆ نموونە لەنێو بازنەی شیعەدا مقتەدا سەدر دەبێتە هێزی یەکەم، راستیشە هێزی دیکە هەیە، بەڵام تشرینییەکان دەبن بەهێزی تازە لە گۆڕەپانی سیاسی و لەناو پەرلەمانیشدا و دەبنە کوتلەیەکی سیاسی. خاڵی هەرە گرنگ کە کاریگەری لەسەر سەقامگیری دەبێت ئەوەیە ئەم رێزبەندییە تازەیە لەناو ماڵی سیاسی شیعە قبوڵدەکرێت؟ خۆم پێموایە کەزەحمەتە. ئەو سیستمە سیاسییەی لەنێو دەستوور هاتووە کە عێراق بەهێز بوایە بە دەستوور و دیموکراسی، عێراق بەهێز بوایە بە دامەزراوەکان، عێراق بەهێز بوایە بە مافی مرۆڤ و بەیەکسانی، بەڵام وا دەرنەچوو.

لێرەدا خاڵەکە ئەوەیە کە بەرپرسیارەتی و بەرپرسیارەتییەکە هاوبەشە، بەڵام ئەگەر بەرپرسیارەتی دابەش بکەین ئەوا زۆرینەی بەر برایانی شیعە دەکەوێت، چونکە دەسەڵات لەلای برایانی شیعە. هەروەها، لە عێراق سندوقی هەڵبژاردن تاکە ئامراز نییە بۆ گەیشتن بەدەسەڵات، چونکە لۆژیکی ئەوەی لە عێراق دەسەڵات لە لوولەی تفەنگ دێت لە عێراق دەخوات و هێز بەمانا سەربازییەکەی ڕۆڵ دەبینێت. لە لایەکی دیکەوە ئەو ناکۆکیانەی پێشتر باسکرا هیوا دەخوازین نەبێتە ململانی. چونکە ئەگەر ببێتە ململانی لەنیو خۆیاندا و لێکتێگەیشتن نەکەن ئەوا ئەمە کاریگەری لەسەر گفتوگۆکان بۆ پێکهێنانی حکومەت دەبێت هەم لەگەڵ سوننەکان و لەگەڵ کوردستان دا. لێرەدا ئەوەی گرنگە هەر پێکهاتەیەک لەنیو خۆیدا سەرەڕای بوونی جیاوازی گفتوگۆی نیوخۆیی خۆی بکات و دواتر گفتوگۆ لەسەر ئاستی لوتکە بکەن.

لەبارەی گۆڕانکارییەکانیش لەنیو پێکهاتەکاندا لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە دەردەکەوێت کە لەڕێزبەندی سوننەکان هەستی  پێدەکرێت و لەنیو کوردستانیش هەستی پێدەکرێت. خاڵێکی دیکە کە لە ڕێزبەندی هێزەکانەوە پیمان دەڵێت پەیوەندی بە پەیامەوە هەیە، ئەم پەیامە پەیوەندی بە ناوەڕاست و باشووری عێراقیشەوە هەیە، چونکە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکە ڕێزبەندی نوێ حیزب و لایەنەکانە، کە ئەویش ئیرادەی گەلە و گوتی تکایە پشت لە سیاسەتی تایفی بکەن و عێراق بپارێزن و سیاسەتی نیشتمانی بکەن. هەروەها، بە لایەنە شیعەکانی گوت تکایە ئیرادەی سیاسی عێراق وەربگرنەوە و سنوورێک بۆ دەستیوەردانی نێگەتیڤ دابنین، بەڵام ئایا ئەم پەیامانە وەردەگیرین و لە درووستکردنی حکومەت پابەندبوون بە ڕێکارە دیموکراسییەکان و دەستوورەوە ڕەچاودەکرێت؟ پێموایە ئەمەش زەحمەت دەبێت.

هەروەها، پەنابردن بۆ مانەوە لە دەسەڵات لەڕێگای ناشەرعییەوە، بەڕاستی هەڕەشەی جیددی لەسەر سەقامگیری عێراق درووست دەکات. پرسی سەقامگیری و هاوسەنگی هێز پەیوەندی بە گفتوگۆی نیو پێکهاتەکانەوە هەیە و تاوەکو چەند لەوی ڕێکدەخرێت کە ئەویش پەیوەندی بە ماف و بەرژەوەندی و ئەرکەوە هەیە، ئایا لەمەدا ڕەچاوی مافە و بەرژەوەندی و ئەرکە دەستوورییەکان دەکرێت؟ بۆ نموونە 52 ماددەی دەستوور جێبەجێ نەکراوە کە زۆربەی پەیوەندی بەکوردەوە هەیە، من وەک هاوڵاتێکی هەرێمی کوردستان ترسم هەیە لەوەی جارێکی دیکە پێشێلی ماددەی 9 دەستوور بکرێت و هێزی سەربازی لە ململانی سیاسی بەکاربهێنرێت،  وەک ئەوەی چۆن لەساڵی 2017دا لە دەرەوەی ڕێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا هێزی سەربازی بەکارهێنرا.

لەبارەی ئەوەی ئایا ئەنجامی هەڵبژاردن هێڵی تایفی بەهێزکردەوە یاخود بەپێچەوانەوە، **سەردار عەزیز**، پەرلەمانتاری پێشووتری عێراق گوتی زووە بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوە، هەروەها پێویستە بەراشکاوی قسە بکەین لەوەی بەدەستمان هێناوە و لەوەی شکستمان تێدا هێناوە. دەوڵەتی عێراق بە دوو قۆناخی سەرەکی تێپەڕی لەکاتی دامەزراندنیەوە، یەکەمیان لە کاتی جەنگی جیهانی یەکەم بوو، کە سەبارەت بە کورد مافەکانی زەوتکراوە. قۆناخی دووەم، کە قۆناخی 2003 هێزەکان و پێکهاتەکان بەشداربوون لە داڕشتنی دەستووردا.  ئەم وڵاتە فرە نەتەوە و فرە مەزهەبە بووە نیشتمانێک بۆ هەمووان. هەروەها، ئەوەی کورد جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە لەسەر بنەمای دەستوور و بنەماکانی ئەم دەوڵەتە درووست بێت، بەڵام کاتێک شکستمان هێنا لە جێبەجێکردنی نەخشەی دەستوور و کیشەکە لە دەستوور نییە و لە مامەڵکردنی ئێمە و لە مامەڵکردن لەگەڵ بنەماکانی دەستووردا دایە، ئەمە جۆرە لە خۆ دزینەوەیەک کە نەمانتوانیوە دەستوور جێبەجێ بکەین و سیستمێکی فیدراڵی لەم وڵاتە جێبەجێ بکەین.

لە لایەکی دیکەوە بەدەر لەشێوازی پێکهاتەکان و هەموو حکومەتەکان، دەزگاکانی دەوڵەت بەوشێوەیەی لە دەستوور باسکراوە نییە و یاساکانمان بۆ دەرنەکردووە، بۆیە بەتەواوی ئێمە شکستمان هێناوە. ئێمە دەڵێن ئایا بەرپرسیارەتییەکە بخەینە سەر دەستوور یاخود بیخەینە ئەستۆی خۆمان و بەرپرسیارەتییەکە هەڵبگرین، کە خاڵی هاوبەشی هەمووانە بەرپرسیارەتییەکە هەڵبگرین.

لە درێژەی قسەکانیدا **سەردار عەزیز** ئاماژەی بەوەکرد ئەنجامەکانی هەڵبژاردن کاریگەری دەبێت لەسەر پێکهێنانی حکومەت و کیشەی پێکهێنانی حکومەت و هاوسەنگی هێز، هەرکەس لە هەڵبژاردن بباتەوە حکومەت پێکدەهێنێت یاخود بەژدار دەبێت لە حکومەتدا، بۆ نموونە بەڕێز مالیکی کە لە 2014 زۆرینەی حکومەت بەدەستهێنا نەیتوانی حکومەت پێکبهێنێت، لەکاتێکدا مستەفا کازمی بەپێچەوانەوە، کەواتە بردنەوەی کورسییەکان بەتەنیا مەرج نییە بۆ پێکهێنانی حکومەت کە ڕوانگەیەکی نیوخۆیی و ناوچەیی و سیاسی هەیە. لێرەشدا بەداخەوە من دەڵێم کەوا ڕۆڵێکمان نییە کە کاریگەری و دەستیوەردانی دەرەکی نەهێڵێت. دۆخێکی هەستیار و خۆپیشاندان و ململانێی ناوچەیی و نێودەوڵەتی لەم وڵاتە هەیە. لەبارەی ناوخۆوە ئێمە پێویستمان بە دەوڵەتێکە کە هاوڵاتی عێراقی پێویستییەتی کە لە 2010 گفتوگۆمان دەکرد لەبارەی ئەو دەوڵەتەوە کە کیشەی هەیە.

هەروەها، ئەم حکومەتەی پێکدەهێنرێت ئەگەر نەتوانی چارەسەری کیشەکان بکات ئەوا چارەنووسی هەمان چارەنووسی حکومەتەکانی پێشووتر دەبێت. لەکاتێکدا هەموو لایەنەکان دەیانەوێت لەحکومەتدا بەشدار بن و وەزارەت بەدەستبهێنن و پارە بەدەست بهێنن، ئەمە ئەو شێوازە نموونەیە نییە کەوا دەبێت حکومەتی پێ پێکبهێنرێت، بۆیە کیشەی سەقامگیری زۆر قوڵترە لە پرسی پێکهێنانی حکومەت و ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، بێگومان ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بەرپرسیارەتێکی مێژووییە و عێراق لە قۆناخێکی مەترسیدار دایە و ئاخۆ ئەو وڵاتە کۆتایی دێت و دەبێتە وڵاتێکی سەردەم یاخود بەرەو کارەسات دەڕوات؟

**خەلیل ئیبراهیم**، سەرۆکی ئەنجومەنی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان ئاماژەی بەوەکرد ئەنجامی هەڵبژاردنەکان ئەو کاریگەرییە پۆزەتیڤەی نابێت لەسەر سەقامگیریی، چونکە ئەو بێ متمانەیەی لەسەر ئاستی شەقام و خەڵک و بێ ئومیدی شەعبی عێراق هەیە هێشتا ماوە، ئەو 57% د. تاڵب باسی کرد بەشدار نەبوون لە هەڵبژاردن بەهۆی ئەوەی کە متمانەیان نییە و بڕوایان بە پرۆسەی سیاسی نییە. هەروەها، نەخشەی سیاسی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بەڵام کاریگەری گەورە ناکاتە سەر پرۆسەی سیاسی لە عێراق، چونکە پرۆسەی سیاسی وەک خۆی دەمێنێتەوە و هاوپەیمانی گەورە پێکدەهێنرێت لەبەرئەوەی عەقڵیەت و بیرکردنەوە هەمان شتە و پرۆژەیەکی نیشتمانی نییە. دوو گوتار لە خۆپیشاندانەکانی بەغدا هەبوو ئەویش ئەوە بوو کە یەکێکیان لافیتەیەکی لەبەرۆکی خۆی دابوو کە دەیوت منیش بەشی خۆم لە گەندەڵی دەوێت، ئەمەش مانای ئەوەیە کە هیچ متمانەی نەماوە کە چاکسازی بکرێت و چاکسازی ناکرێت. دروشمی دووەمیان ئەوەبوو کە ڕێکخراو تر بوو دەیگوت من دەوڵەتم دەوێت، ئێستا هیچ کوتلەیەکی گەورەی شیعە و سوننە، پرۆژەیەکیان نییە کە پرۆژەی نیشتمانی یان دەوڵەتسازی بێت. پێشتر لادەولە هەبوو بەڵام کەمتر بوو لە دەوڵەت، ئێستا لادەولە گەورەتر بووە و هاتووەتە سەر دەوڵەت و دەوڵەت قەرزار بووەتەوە. ئێستا ئەوانەی لە شەقامەکان و خۆپیشاندان دەکەن و ئەوانەی دەڵێن تەزویر کراوە کێن؟ ئەوانەن کە حوکمیان لە دەست بووە و خاوەن ماڵ و نفوس و دەسەڵات بوون. هەروەها بۆچی حکومەتی عادل عەبدولمەهدی شکستیهێنا، چونکە دەمانگوت ئەم دەوڵەتە تەمسیلی ئیرادەی گەل

ناکات، چونکە 2018 تەزویریکی زۆر کرا، ئێستاش هەمان پرس ڕوویداوەتەوە و خۆپیشاندان لەبەردەم دەرگای ناوچەی سەوز هەیە و خێوەت هەڵدراوە، کەواتە کێشەی ئێمە کێشەی پرۆژەیە، چونکە هیچ کەسێک نایەت بڵێت عێراق درووست بکەین.

**د.محموود میعماری**، بەرپرسی لقی موسڵی ناوەندی لێکۆڵینەوەی یەرمووک لەبارەی دەستوورەوە ئاماژەی بەوەکرد کە باسی دەستوور کرا، باسی خاڵە لاوازەکان و بەهێزەکانیتان کرد، بابەتێك هەیە ئەویش ئەوەیە کە هەندێکتان بەتایبەت بەرێز سەردار عەزیز پێتان وایە کە ئەم ئەنجامانەی هەڵبژاردن هیچ بەهایەکیان نیە و کاریگەری نییە بۆ پێکهێنانی حکومەت، لە دیدی سادەی منەوە نەخێر ئەنجامەکان زۆر دەگەیەنن، دیدی جیاوازی ئەوەیە، گەل هۆشیاری هەیە، هەڵوێستی هەیە، بەتایبەت ئەگەر تەماشای ڕێژەوی هەڵبژاردن بکەیت، بەتایبەت لە ناوچەکانی سوننە، دەبینی کەوا ئەو ناوچانەی کەوا بۆ یەکەمجار توانیان دەنگبدەن لەوەتەی داگیرکردنی عێراقەوە هەڵوێستیان وەرگرتوو و پرۆسەی سیاسیان ڕەتکردەوە و ئەو ڕۆشنبیریەش بە ناچاری هاتە کایەوە لە قۆناغە سیاسیە جیاوازەکان، لەو هەڵبژاردنە لایەنەکانی پێشوو کەوتن، تەختی نوجەیفی شکستی هێنا. ئەوان خەڵك و کەسوکاری خۆیان ڕەتیانکردنەوە. ڕەتکردنەوەکە بۆ ئەوانەبوو کە دەستیان لە دەسەڵات و حکومەت هەبووە. ئەوەش پەیامی تێدایە بۆ ئەوانەی تێدەگەن، ئەو پەیامانە زۆر گرنگن و دەبێت قبوڵی بکەین، ئیسلامیەکان دەنگیان کەم هێنا هەرچەندە لە دەسەڵاتیش بوون، ئێمە تانەی لێنادەین بەڵام پێمان وایە ئەمە توانای ئەوانە و لەوە زیاتریان پێناکرێت، گۆڕانکاری و ڕووخساری نوێ هاتنە پێش و دەبێت ڕازی بین پێی، هەروەها گەشبینبین بەو گۆڕانکاریانەی عێراق، دەکرێت باکووری عێراق و هەرێمی کوردستانیش بگرێتەوە.

**کاتع ڕکابی**، پەرلەمانتاری دەوڵەتی یاسا لەبارەی دانوساندنەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ ئاماژەی بەوەکرد عێراق بە قۆناخێکی زۆر هەستیاردا تێپەڕدەبێت، کە ئەویش بەهۆی ئەنجامدانی هەڵبژاردن کە لە 10ی ئەم مانگە بەڕێوەچوو. هەروەها، لەدوای ڕاگەیاندنی ئەنجامە بەراییەکان کێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لەسەر هەمان ڕوانگەی خۆپیشاندانەکانی بەغدا لەوانەیە فراوانتر ببێت و لەوانەیە پارێزگاکانی دیکەی عێراقیش بگرێتەوە، ئەمەش گوزارشت لە پەسەند نەکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و ئەدای کۆمیسۆن دەگرێتەوە کە ئەم هەڵبژاردنەی بەڕێوەبردبوو. هەڵبژاردنەکان بەشێکە لە پرۆسەی سیاسی و نموونەیەکە لە نموونەی دیموکراسی و دەستگرتن بە هەڵبژاردن ڕێگەیەکی ئاشتیانەیە بۆ بەرهەمهێنان و ڕادەستکردنی دەسەڵات و دەستبەرکردنی داواکارییەکانی گەل، هەروەها پەسەندکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن یەکێکە لەو ڕێگایانەی دیموکراسی. دیموکراسی و فیدراڵی لەدوای قوربانییەکی زۆر لە عێراق لە لایەن هەموو پێکهاتەکانەوە پێکهێنراوە و ئەمە بژاردەی گەلە و سیستمێکی نوێ لە قۆناخی گەشەکردن دایە و لەوانەیە ماوەیەکی زۆری بوویت بۆ ئەوەی بەتەواوەتی درووست بێت و بگاتە ئەو هاوسەنگییە سەقامگیرییەی کە لە لایەن هەموو پێکهاتەکانەوە پەسەندبکرێت. لە لایەکی دیکەوە سەرکەوتنی هەڵبژاردن پێویستی بە چەندین فاکتەر هەیە، یەکێک لەوانە یاسا، شەفافیەت و ئەنجامدانی هەڵبژاردن و کلتووری جەماوەری هەڵبژاردن کە ئەمە ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە دامەزراندن و سەرخستن و چاودێریکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن بۆ ئامانجە نیشتمانییەکان دوور لە ململانی تایفی یاخود نەتەوەییەکان. دووەم لەبارەی هەڵبژاردنەکانەوە، هەڵبژاردنی 2018 چەندین کێشەی تێدابوو و چەندین بێ بڕوایی لە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان کەوتەوە، بەدیاریکراوی کە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان ئەوە نەبوو

کە پێشبینی دەکرا، ئەوەی زیاتر گومانەکانی بارز کرد شێوازی ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان بوو، ئەویش بەهۆی ئەوەی کۆمیسۆن ئەزموونی نەبوو لە ئیدارەدانی هەڵبژاردنێکی لەوشێوەیە و ئەنجامدانی هەڵبژاردندا.



لەبارەی ئەنجامەکانی ئەمجارەی هەڵبژاردنەوە، **کاتع ركابی** گوتی جگە لە گرتنەبەری ڕێگای یاسایی و ئاشتیانە بۆ تانەدان لە ئەنجامەکان هیچ ڕێگایەکی دیکەمان لە بەردەمدا نییە، هەرچەندە ئەمەش دەمێنێتەوە لە چوارچێوەی گومانەکاندا، ئایا ئەو تانانە تەماشا دەکرێن؟ هەروەها ئەنجامەکان ئەو دەردەخەن کە دەستیوەردان هەبووە لە هەڵبژاردنەکان چ بەرێگەی ئەلیکترۆنی یاخود بە ڕێگایەکی دیکە. لەلایەکی دیکەوە نەخشەی پەرلەمانی بە بەراورد بە پێشوو ئاڵۆزتر بووە و ئەمەش لەوانەیە وابکات دەرکردنی یاساکان لە پەرلەمانەوە ئەستەم بێت، ئەویش بەهۆی دابەشبوونی فراکسیۆنی فراکسیۆنەکان بۆ فراکسیۆنی بچووک لەنیو پەرلەمان و هەبوونی 40 پەرلەمانتاری سەربەخۆ لەنیو پەرلەماندا کە ئەمە بەڕاستی دیاردەیەکی نامۆیە بۆ پرۆسەی دیموکراسی. لە لایەکی دیکەوە ئەو میدیاییەی لەلایەن فراکسیۆنە سەربەخۆکان و کەسایەتی سەربەخۆ پاڵپشتی دەکرێن وایان لێدەکات ببنە ئۆپۆزسیۆن بەرلەوەی حکومەتی نوێ پێکبهێنرێت، کە هەموو ئەمانە ئاڵینگاری قورسە کە ڕووبەڕووی پەرلەمانی داهاتوو دەبێتەوە و لەوانەیە ببێتە گوڕەپانی ململانی نەوەکو ببێتە گوڕەپانێک بۆ ئەوەی یاسای نوێ تێدا دەربکرێت و عێراق لەو دۆخەی تێدایە دەربازبکات. هەروەها ئامادەبوونی (نیسابی) یاسایی لەنیو پەرلەمان لەوانەیە قورس بێت، چونکە ئەو فراکسیۆنە بچووکانە وادەکات باڵانسی هێز ڕابگرێت نەوەکو فراکسیۆنە گەورەکان.

لەبارەی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق، **کاتع رکابی** گوتی "پێمانوانییە شێوازی پێکهێنانی حکومەتی عێراق جیاواز بێت لە شێوازی جارەکانی پێشووتر لەرووی سازش و ڕێککەوتنی لایەنەکان لەسەر سێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق و بەشداریی فراکسیۆنە بچووکەکان لەنیو گوڕەپانی سیاسی عێراقدا".

ئێستا نیو ماڵی شیعە دوو جەمسەری گەورەی تێدایە، کەئەویش بریتییە لە جەمسەری کوتلەی سەدر و چوارچیوەی هاوئاهەنگی 23 سەربەخۆی شیعە لە کۆی 40 سەربەخۆی عێراقی و چەند فراکسیۆنێکی بچووکی دیکە، لەگەڵ لایەنەکانی دیکە. هەروەها ڕێککەوتنی نێوان ئەم دوو جەمسەرە مەرجی سەرەکییە بۆ پێکهێنانی حکومەتی عێراق، لێرەوە بەبێ ڕێککەوتنی نێوان ئەو دوو جەمسەرە گەورەترین کوتلەی شیعە دەستبەرناکرێت کە مەرجی سەرەکییە بۆ پێکهێنانی حکومەت، چونکە بەبێ دەوڵەتی یاسا و لایەنەکانی دیکە ناکرێت.

پێکهێنان و ڕێکخستنی هەر فراکسیۆنێک لەنیو خۆیدا ئەمە هەنگاوی یەکەمە بۆ ڕێککەوتن لەسەر سێ سەرۆکایەتییەکە لە عێراق، کە ئەمەش دابەش بووە بۆ دووبەش لەنیو شیعە و لە هەرێمی کوردستان لەنیو پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لەنیو سوننەکانیشدا تەقەدوم و عەزم. ئەمە دەرهاویشتەی کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی پێکهاتەکە و سەر ئاستی عێراق لێدەکەوێتەوە. هەربۆیەش هەنگاوی یەکەم ڕێکخستنەوەی نیو ماڵی شیعی و دەستنیشانکردنی مەرجەعی سیاسی و ڕێکخستنی نیو ماڵی کورد و سوننەکان. هەمووماڵیک بەگوێرەی مافی خۆی بۆ پۆستەکان بەربژیر بکات، ئەمە هاوبەشێکی سیاسی نەتەوەییە و پشک پشکینە نییە، عێراق ناکرێت لە لایەن یەک پێکهاتەوە فەرمانڕەوایەتی بکرێت، دوای ئەوە پێویستی لێکتیگەیشتن لە نێوان فراکسیۆنە گەورەکاندا هەبێت.

لەبارەی دانوساندنەکانی نیو ماڵی شیعەوە گوتی هێشتا لە قۆناخی سەرەتاییداین، ئەویش بەهۆی ئەو تانانەی لە هەڵبژاردنەکان دراوە و ئەنجامەکان و ژمارەکان یەکلانەبوونەتەوە. هەروەها، ئەو ئەنجامەی سیاسییە لە گوڕەپانی سیاسی عێراق خراوەتەڕوو، ناکرێت تەنیا بە فاکتەری ژمارە مامەڵە لەگەڵ ئەوانە بکرێت کە خەباتیان لە عێراق کردووە، بەڵکو بە هاوبەشیکردن لە پرۆسەی سیاسی عێراق دەبێت، چونکە ئەوە نەکرێت ئەوا دەرئەنجامی خراپی لەسەر پرۆسەی سیاسی لە عێراق و دەرهاویشتەی خراپی لێدەکەوێتەوە. ئێمە لە دەوڵەتی یاسا و بەدیاریکراوی لەحیزبی دەعوە لە چوارچێوەیەکی هاوئاهەنگی کار بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانی گەورە و بەهێز کە بتوانێت بەرگری لە حکومەت بکات دەکەین، ئەویش بۆ ئەوەی ڕێگری بکات لەوەی کە حکومەت هەراسان بکرێت و لەوەی بتوانێت پرۆژەی نیشتمانی باش ئەنجامبدات. پەیوەندی باشمان لە فراکسیۆنە کوردییەکان و فراکسیۆنەکانی سوننەدا هەیە، چونکە لە عێراق ناتوانێت فراکسیۆنێک بە ئاراستەی ئۆپۆزسیۆن هانی بدەێت ئەگەر بەویستی خۆی نەبێت، بۆیە درووست نییە لایەنی بەرامبەر بۆ ئەوەی قۆرخی دەسەڵات و سەپاندنی هەژموونی خۆی هەوڵبدات فراکسیۆنەکان دووربخرێنەوە، بەڵکو دەبێت بە ویستی خۆیان بێت. لەلایەکی دیکەوە ئاساییە وەک هەندێک فراکسیۆنی بچووک ڕایانگەیاندووە کە دەبنە ئۆپۆزسیۆن ڕێزی لێدەگرین.لەبارەی ئەو بڕیارەی لە ئەنجومەنی ئاسایشەوە دەرکراوە، ئێمە لامان نامۆیە لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەرکراوە و دانی بە ئەنجامەکاندا ناوە،لەکاتێکدا کۆمیسۆن ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ڕانەگەیاندووە و دادگای فیدڕاڵی ناوی سەرکەوتووەکانی پەسەند نەکردووە، ئێمە ئەم سکاڵایەمان بەشێوەیەکی فەرمی ڕادەگەیەنین.

لەبارەی ئەگەری ڕێککەوتنی کوتلەی سەدر و بەرەی هاوئاهەنگی، ئایا ماوەیەکی زۆری دەوێت یاخود کەم، **کاتع رکابی** ئاماژەی بەوەکرد بەرەی هاوئاهەنگی چەند ڕۆژێک لەمەوبەر ڕایگەیاندووە ناکرێت بەر لە ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان گفتوگۆ بکرێت، هەرکاتێک ئەنجامی هەڵبژاردەنکان بەفەرمی ڕاگەیاندرا، ئەو کات دەرگای گفتوگۆ بەسەر هەموو براکانمادا لە ڕەوتی سەدر یاخود برا کورد و سوننەکان دەکەینەوە.

**د. فەرهاد عەلادین،** سەرۆکی دەستەی ڕاوێژکارانی عێراقی ئاماژەی بەوەکرد هەڵبژاردن و ئەنجامەکانی هەڵبژارد یەکجار گرنگن و هەرگیر لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نیم کە هەڵبژاردن کاریگەری نییە، بەڵکو ئەنجامی هەڵبژاردن کاریگەری گەورەی هەیە. بۆ نموونەش برادەرانی گۆڕان هیچ کورسییەکیان لەم هەڵبژاردنە بەدەستنەهێناوە هیچ ڕۆڵیکیان لە حکومەتی چوارساڵەی داهاتووی بەغدا نابێت. هەروەها جاری پێشوو کە دەوڵەتی قانون 24 کورسی هێنا و فەتح 45 کورسی هێنا، ئەوکات فەتح ڕۆشت لەگەڵ سەدر هاوپەیمانی کرد و دەوڵەتیان پێکهێنا و دەوڵەتی قانوون ئەو ڕۆڵەی نەبێنی، بەڵام ئێستا کە دەوڵەتی قانوون دووەمی هەڵبژاردنەکان ئەوانن بوونەتە سەرۆکی بەرەی هاوئاهەنگی لەژێر چەتری بەڕیز مالیکی بەڕێوەدەچێت، لە لایەکی دیکەوە بۆیە سەرنجمان لەسەر محەممەد حەلبووسی لەبەرئەوەیە کە 43 کورسی هێناوە، ئەگەر 25 کورسی هێنابایە ئەو سەرنجەمان لەسەری نەدەبوو، بۆیە ئەنجامی هەڵبژاردن و ژمارەی کورسییەکان زۆر گرنگە، پێکهێنانی حکومەت و دابەشکردنی وەزارەتەکان و بەشداریی هەر لایەنێک لەسەر بنەمای کورسییە، کەواتە بەهەموو شێوەیەک ژمارەی کورسی زۆر گرنگە. لەبارەی پێکهێنانی حکومەتەوە، ئەویش پەیوەستە بە ژمارەی کورسی، بەڵام لەوانەیە هەڵبژاردنی سەرۆکوەزیران پەیوەندی بەژمارەی کورسییەوە کەم بێت، چونکە ڕێککەوتنی نێوان کوتلە سیاسییەکان کاریگەری هەبووە لەسەر ئەوەی کە سەرۆکوەزیران هەڵبژێریێت یاخود ڕەزامەندی هەموو لایەنەکانی لەسەر بێت. هەروەها، ئەوی ئێستا ڕوونە کەس نابێتە سەرۆکوەزیران ئەگەر ڕەزامەندی هەموو لایەنەکانی لەسەر نەبێت، تەنانەت پێویستە لایەنی ناوچەیی و نێودەوڵەتیش ڕەزامەندی لەسەر بدەن، ئەگەر هەر لایەنێک ڤیتۆی هەبێت، ئەوا کێشە درووست دەبێت.




لەبارەی تەوەری دووەمی مێزگردەکەوە، **فەرهاد عەلادین** ئاماژەی بەوەکرد هیچ دانوساندنێکی فەرمی دەستپێناکات تاوەکو بەفەرمی ئەنجامەکان ڕانەگەینرێت و ئەم ئەنجامەی ئێستا کۆتایی نییە و لەوانەیە گۆڕانکاری بەسەردا بێت، هەندێک لە لایەنەکان کورسییەکانی کەمبێتەوە و هەندێکی دیکەیان کورسییەکانی زیاد بکات، لەهەمانکاتدا دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردن، ماوەی دەستووری هەیە کە دەبێت ئەو ماوەیەش تێپەڕ بکات، بۆ نموونە کاتێک سەرۆککۆماری هەڵدەبژێردرێت 15 ڕۆژی لەبەردەمدایە سەرۆکوەزیران ڕابسپێرێت، کەواتە سەرەتا کوتلەکان ئاستی داواکارییەکانیان زۆر بەرزە و وردە وردە ئاستی داواکارییەکان کەمدەکەنەوە و ئەمڕۆ فلان کەس قبوڵ ناکەم، لەوانەی بۆ ڕۆژی دواتر ڕەنگە قبوڵبکرێت. هەربۆیەش ئێمە دەبێت چاوەڕوان بین تاوەکو ئەو کاتەی دەگەینە ماوەی دەستووری و دەبێتە بڕیاردەر، چونکە ئێستا هەر گفتوگۆیەک بکەین لەسەر ئەم پرسە گۆڕانکاری بەسەردا دێت.

لەبارەی گفتوگۆکانەوە، ئاماژەی بەوەکرد گفتوگۆکان زۆر درێژ دەبن و دەگەینە ماوە و قۆناخی دەستووری. هەروەها هەموو لایەنەکان چاوەڕوانی لایەنە شیعەکان دەکەن، لەکاتێکدا گفتوگۆکانی شیعەکان زۆر قورس دەبێت، ئەویش بەهۆی مانەوەی لایەنی سەدر و بەرەی هاوئاهەنگی، چونکە ئەگەر لەسەر بۆچوون و ڕای خۆیان بمێننەوە. من پێموایە وەکو 2018 لێ دێت، بەشێکی گەورە یان فەتح یاخود دەوڵەتی قانوون لەگەڵ مقتەدا سەدر پێکدێن، بەڵام بەدووری دەزانم هەموو ئەمانە پێک بێن و حکومەتێکی کۆنی وەک 2018 درووست بکەینەوە هەموو لایەنێک بەشداربێت، چونکە ئەمجارە لایەنێک دەبێتە ئۆپۆزسیۆن، کام لایەنەیە کەوا دەست دەخاتە دەستی لایەنی سەدریی بۆ پێکهێنانی حکومەت ئەوا دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەو پرۆژەیەی ڕێککەوتنی لەسەر دەکرێت.

لەبارەی لایەنە کوردییەکانەوە، ئەوەی دەبینرێت یەکێتی و پارتی بەشدار دەبن، یەکگرتوو و کۆمەڵ و نەوەی نوێ بەرەو ئۆپۆزسیۆن بوون بچن، هەرچەندە ئێستا قسەیەک هەیە کە یەکێتی دەیەوێت بەرەو

ئۆپۆزسیۆن بوون بچێت، بەڵام بەڕای خۆم ئەمە زۆر زەحمەتە، هەروەها، ئەگەر بکرێت لایەنی ئۆپۆزسیۆن سەربگرێت، ئەوا دەبێت لایەنیکی کوردی، لایەنێکی سوننی و لایەنێکی شیعی ئۆپۆزسیۆن بێت لە عێراق، چونکە ناکرێت لایەنێک بەتەواوەتی بکرێتە دەرەوە، یان کورد و سوننە هەموو بەشدار بن بەڵام بەشێکی شیعە بکرێتە دەرەوە ئەوکات ئەوە قبوڵناکرێت. هەروەها، پێموایە حکومەتی تەوافوقی جارێکی دیکە پێویست نییە دروستبکرێتەوە و عێراق بەرەو کارەسات دەڕوات و ئەزموونی حکومەتی تەوافوقی شتێکی خراپە و دەبێت ئۆپۆزسیۆن هەبێت، واتە بەشێك لە لایەنەکان نابێت بەشدار بن، ئەوکاتە هاوکیشەیەکی نوێ دێتە ئاراوە، بەڵام راستییەک لەنێو شیعەکاندا هەیە، کە حکومەتێک بە بێ لایەنی سەدر دروست نابێت و حکومەتێک بە بێ فەتح دروست نابێت، چونکە هەردوو لایەن ئامرازی زۆر بەهێزیان هەیە بۆ ئەوەی کاری حکومەتی داهاتوو تێک بدەن، چ لەرێگەی خەڵکەوە یان هێزەوە بێت. بۆیە رام وایە هەردوو لایەن لە حکومەتدا بەشدار دەبێت.

لەبارەی بەربژێری سەرۆکوەزیران، **فەرهاد عەلادین** گوتی تاوەکو دوایین سات نازانی کێ دەبێتە سەرۆکوەزیران، چونکە تاوەکو ئەو کاتەی سەرۆککوماری رای دەسپێرێت ئەگەری گۆرانکاری هەیە، بەڵگەی زیندوو هەیە کە لەو کاتەی عەدنان زورفی راسپێردرا، ئەگەر 5 دەقیقە پێشتر فایەق زەیدان رەزامەندی لەسەر بدایە ئەوا فایەق زەیدان رادەسپێردرا بۆ سەرۆکوەزیران. بۆیە هەڵبژاردنی ئەو کەسانە تاوەکو دوایین سات دیار نییە، چونکە لەکۆتایی گفتوگۆکان وێنەی 6 کەسێک دێتە ئاراوە، کە کام لەمانە دەبێت، بەڵام هەندێک جاریش لەو وێنانە دەرچووە و کەسێکی دیکە هاتووەتە ئاراوە، بەتایبەتیش ئەمەش لەسەر سەرۆکوەزیران جێبەجێ دەبێت، چونکە کاندیدەکان بۆ سەرۆککومار و سەرۆکی پەرلەمان روونترە، ئەویش بەهۆی ئەوەی ناکۆکی نیو ماڵی شیعە قورسترە بە بەراورد بەوانی دیکە. یەکێتی و پارتی ئەگەرچی ناکۆکی لەکاتی هەڵبژاردن هەبووە، بەڵام بەردەوام دێنەوە سەرئەوەی بەیەکەوە بچن بۆ بەغدا، دوایین جاریش کە روویەنداوە 2018 بووە، بەڵام باوەرناکەم ئەزموونی 2018 دووبارە بکەنەوە بەیەکدەنگی نەچنەوە بەغدا و لایەنەکانی دیکە بۆیان یەکلابکەنەوە. بۆیە ئەمجارە پێش ئەوەی بڕۆن بۆ بەغدا گفتوگۆ دەکەن و لەسەر بەرنامەی حکومەتی داهاتوو دەچن بۆ بەغدا.

**د. فەرح سابر**، مامۆستای زانکۆ و نزیک لە بەیتی حیکمە ئاماژەی بەوەکرد هەموو بیروبۆچوونەکان راستە جیاواز بوون، بەڵام بەیەک ئاراستە بوون، لەبارەی هەڵبژاردنەکانەوە سێ تێبینی سەرەکی هەیە، یەکەمیان بەرنامەیەک نەبوو لەم هەڵبژاردنەدا، هەموو فراکسیۆنەکان کەسەکانیان دەخستەڕوو بە بێ بەرنامە و ئەم دیاردەیەم لە بەغدا، لە ئەنبار، لەباشوور و ناوەڕاستی عێراقدا لەکاتی هەڵبژاردنەکان کە چاودێرییم کردووە بینیوە. هەروەها، هەموویان دەیانگوت حکومەت پێش دەخەین و باسیان لە داهاتوو دەکرد بە بێ ئەوەی هیچ بەرنامەیەکیان هەبێت. دووەمیان ئەوەیە کە کوردەکان دەنگیان بە کورد، شیعەکان بە شیعە و سوننە بە سوننەکان لەم هەڵبژاردنەدا داوە. سێیەمیشیان ئەوەیە لە هەموو جیهان هەڵبژاردنەکان دەبێت لە ئەنجامدا بەرەیەکی حکومەت و ئۆپۆزسیۆن هەبێت، بەڵام لە عێراق لە 2003وە تاوەکو ئێستا شتێک نییە بەناوی ئۆپۆزسیۆن، تەنانەت شتێکی سەیرو سەمەرە هەیە، بەیانی تاوەکو کاژێر 15:00 دوای نیوەڕۆ دەبینێت لە حکومەتە و لەکاژێر 16:00 بۆ 24:00 دەبینێت لە ئۆپۆزسیۆنە. هەمووان بەشێوەیەک دەڕواننە حکومەت کە شوێنێکە بۆ دەستکەوتنی بەرژەوەندی، بۆیە پەرلەمان و حکومەتێکی راستەقینە بە بێ ئۆپۆزسیۆن بەدی نایەت و نابێت. ئێمە باس لە رۆژئاوا دەکەین و دەبینین کە

4ساڵ جارێک یاخود 10 ساڵ جارێک رووخسارەکان دەگۆڕدرێن، بەڵام لەعێراق لە 2003وە تاوەکو ئێستا هەمان رووخسار دەگەڕینەوە سەر دەسەڵات و حکومەت. شتێکی دیکە هەیە ئەویش ئەوەیە کە ئەم سیستمە سیاسیە لە ناوەڕۆکدا کیشەی هەیە، لەکاتێکدا هەموو کاتێک باس لە پرۆسەی سیاسی دەکرێت، تەنانەت لە خۆپیشاندانی ملیۆنی کەلە بەغدا بەڕێوەدەچوو، لەسەرەتادا داوکاری کۆمەڵایەتی هەبوو، بەڵام دواتر داواکارییەکان گوڕا ئەویش بەهۆی لێکتێنەگەیشتنی نێوا خۆپیشاندەران و حکومەتەوە، کە دواتر رەهەندی سیاسی وەرگرت. هەروەها ئەگەر هەموو لایەنەکان لەناو حکومەتدا بەشداربن کێ رەخنە بگرێت کێ دەڵیت شوێنە مەترسیدارەکان لەکوێن؟ هەر ئەم سێ تیبینییە لەسەر سیستمی سیاسی عێراق لە 2003وە بەردەوامە، ئەگەر بارودۆخەکە بەرەو باشبوون نەڕوات ئەوا بەرەو تەقینەوە دەچێت و خۆپیشاندانەکان بەهێزێکی گەورەتر دەگەڕێنەوە گوڕەپانەکان، ئەگەر حکومەت بەم شێوەیە مامەڵە بکات. هەروەها، خۆپیشاندانەکان زلەیەک بوو لە سیستمی سیاسی وهەڵەیەک بوو کە دەبێت چاکبکرێت، بەڵام حکومەت لە لایەک زلە دەخوات و لە لاکەی دیکەی ئاگای لێ نییە و چاکسازی لەخۆیدا ئەنجام نادات.



لەبارەی کەمکردنەوەی دەنگی فەتح و حەشدی شەعبی لەم هەڵبژاردنەدا، **د. فەرح سابر**، ئاماژەی بەوەکرد لەم هەڵبژاردنەدا ئەوانەی دەنگیان بە مالیکی دا دەنگیان بە فەتح نەدا و سزای فەتحیان دا، چونکە پێموایە حیزبی دەعوە میژوویەکی لەرووی ئاینییەوە هەیە و هەروەها بەشێک لەرووی بەرژەوەندییەوە دەنگی بە دەعوە داوە. لەلایەکی دیکەوە شەقامی شیعی لە عێراق ، بەتاییەت ئەوانەی رقاین لە مقتەدا سەدر بوو، لەم هەڵبژاردنەدا دەنگی بە مالیکی داوە. خاڵی سێیەم ئەوەیە کە لایەنگرانی فەتح بینیان کە هادی عامری جۆرێک لە مەیلی بەلای سەدر هەیە، بەڵام نوری مالیکی وادەرنەکەوت و پەیوەندی باشی لەگەڵ سەدر نییە بۆیە ئەم دەنگانەشی بۆ رۆشت. خاڵیکی دیکە سەربەخۆکانە کە پێموایە هەندێکیان خۆیان سەربەخۆ دەردەخەن بەڵام وانییە، بەشێک لە سەربەخۆکان یاخود ئەوانەی لەنیو ماڵی شیعەدا دەڵین سەربەخۆین دەنگەکانی فەتح و عەشدیان بۆ هات لەم هەڵبژاردنەدا. لەکۆتاییدا دەڵیم ئیدی بەسە

دەستیوەردانی ناوچەیی و نێودەوڵەتی لەکاروباری عێراق و ئێستا کاتی ئەوە هاتووە و عێراق سەقامگیر بێت و ڕێگەی ژیان بگرێتەبەر و خەڵک دەیەوێت خۆشگوزەران بێت لە عێراق.

لە لایەکی دیکەوە سەدرییەکان ئامێرێکی گەورەی بەهێزی هەڵبژاردنیان هەیە، ئەویش جەماوەری سەدرییەکان کە بەستراونەتەوە بە هزر و پەیڕەوی سەرکردەوە، کە لە هەڵبژاردنەکاندا کاریگەری هەبووە. لەبارەی پێکهێنانی حکومەتەوە، سەدر بەتەنیا لەگەڵ کورد و سوننە بە بێ فەتح و دەوڵەتی یاسا ناتوانێت حکومەت پێکبهێنێت، سێناریوی دووەم ئەوەیە کە مەرجەعیەت دەستیوەردان بکات و فراکسیۆنی گەورە پێکبهێنن، کە ئەم گەورەترین فراکسیۆنەش بۆخۆی کێشەیە. لەکۆتاییدا لەبارەی ململانی شیعەوە، دوو باڵی سەرەکی هەیە. کە بریتییە لە نەجەف و تاران ، هەرگیز ڕێگە بە ململانی شیعە نادەن، هەرچەندە هەموو لایەنە شیعەکان چەکیان هەیە، بەڵام نەجەف و تاران دەیانەوێت نیو ماڵی شیعە وەک خۆی بمێنێتەوە.

**د. یوسف گۆران،** وەزیری پێشووتری خوێندنی باڵا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبارەی ئەو پرسیارەی ئایا هەڵبژاردن گرنگە گوتی ئەمە پرسیارێکی جەوهەرییە و ئەگەر ئێمە وا لێکدانەوەی بۆ بکەین ئەم هەڵبژاردنە بۆ گۆڕینی سیستەمی سیاسی گرنگە ئەواە ئەم هەڵبژاردنە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر سیستەمی سیاسی لە عێراق ناکات و نایگۆڕێت، کەواتە ئەگەر بەم شێوەیە سەیری بکەین ئەوا ئەم هەڵبژاردنە گرنگ نییە! چونکە سیستەمێکی سیاسی نوێ دروووست ناکات. بەڵام ئەگەر ئەم هەڵبژاردنە بۆ پێکهێنانی حکومەت و ئەو هێزانەی بەشدار دەبن لە حکومەتدا، بەڵی لەم ڕووەوە هەڵبژاردن گرنگە، ئەگەر بەوشێوەیە خوێندنەوەی بۆ بکەین. یەکێک لە کێشەکانی هەموو هەڵبژاردنەکان لە عێراق ئەوەی کە دەنگدەر دەنگ بەکێ دەدات، لە عێراق دەنگدەر دەنگ بە پێکهاتەی خۆی دەدات و ئەمە بۆ خوێندنەوەی سیستەمی سیاسی زۆر گرنگە، ئەگەر ئێمە بمانەوێت سیستەمی سیاسی کەمینە و زۆرینە دروووست بکەین، وەک ئەوەی لە وڵاتانی کلاسیکی دیموکراسی ئەوا دەنگدەر دەنگ بە بەرنامە دەدات و دەنگ بە پێکهاتەی خۆی نادات، کەواتە دەنگدەر بژاردەی لەبەردەمدایە بۆ هەڵبژاردن، بەڵام هەموو ئەوەی لە عێراق هەیە دەنگدەری ئێمە دەنگ بە پێکهاتەی خۆی دەدات، ئەگەر وا لێکی بدەینەوە کەوا سیستەمێکی سیاسی لە عێراق وەک دیموکراسی کلاسیکی ڕۆژئاوا دروووست ببێت زۆر زەحمەتە، چونکە دەنگدەر بژاردەی زۆری نییە. هەروەها لە ئەنجامی ئەم هەڵبژاردنەوە یاخود هەڵبژاردنی داهاتووە ناتوانین سیستەمێکی سیاسی نوێ دروووست بکەین، چونکە ئێمە لە ولاتێکدا دەژین کە فرە پێکهاتەیە، کە لە زۆر شت هاوبەشن و لە زۆر شتی دیکەدا هاوبەش نین، هەربۆیەش یەکێک لە داواکارییەکانی تشرینییەکان داوای وڵات بوو، ئەویش بەهۆی ئەوەی لەڕاستیدا تاوەکو ئێستا عێراق وڵات نیە، لە ساڵی 1921 نەمانتوانیوە ئەو وڵات دروووست بکەین. لەوکاتەوە کورد هەستی نەکردووە ئەمە وڵاتی خۆیەتی، هەروەها ئەم هەستەشی پێنەدراوە، هەمان شت لەوانەش بۆ شیعە و سوننە لە قۆناخێکی دیکەدا. هەروەها ئەگەر ئێمە نەتوانین دەنگدەر لە دەرەوەی مەزهەب و تایفی و نەتەوە دروووست بکەین، ئەوا ناتوانێن سیستەمێکی سیاسی دەرەوەی تەوافوقی دروووست بکەین. لەلایەکی دیکەوە دەستوور خۆی فەرز دەکات سەر ئەوەی کە دەبێت تەوافوقی هەبێت. بۆیەش لەبارەی پێکهێنانی حکومەتەوە، دەریدەخات کە دەبێت نیو ماڵی شیعی لەنیوخۆیاندا یەک بن نەک تەنیا لەسەر کەسەکان بەڵکو لەسەر بەرنامەکەش، هەروەها ماڵی سوننە ئەگەر شتێک هەبێت بەنێوی ماڵی سوننی، چونکە لەم هەڵبژاردنە بەهێزبوونەتەوە، هەروەها ماڵی کوردیش بەهەمان شێوە، بۆیە ئەگەر ئەمانە نەتوانن لەنیوخۆیاندا تەوافوق دروووست بکەن، ئەوا دواجار ناتوانرێت تەوافوقە گەورەکە

درووستبکرێت. هاوکیشەی پێکهێنانی حکومەت لەرووی بنەما سەرەکییەکانەوە لە عێراق زۆر نەگۆڕاوە و سەرکەوتنی گەورە لەم هەڵبژاردنەدا نییە، چونکە ڕێژەی دەنگدان لە 40% بێت، چ لایەنێکی گەورە هەیە، ڕێژەی ئەوەی ناچن بۆ دەنگدان وەک قومبەلەیەکی خەوتوو دەمێنێتەوە، بۆیە ئەگەر هەر حکومەتێک درووست بکرێت و نەتوانرێت گۆڕانکاری ئابووری، کۆمەڵایەتی بکات و بۆ کوردیش داوکارییەکانی جێبەجێ بکات ئەوا تووشی گرفتی گەورە دەبێتەوە.

لە درێژەی قسەکانیدا **د. یوسف گۆران** ئاماژەی بەوەکرد لەنێو ماڵی کوردی قسە و گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن هەیە، تاوەکو ئێستا گفتوگۆیەکی جیدی لەسەر پرسی سەرۆککومار نییە و کورد بەهێ خۆی دەزانێت، ئێستا کورد لە هەموو کاتێک باشتر دەزانێت پێش ئەوەی بڕوات بۆ بەغدا ڕێککەوتنی نیوخۆیی بکات و یەکگرتوو بن و یەک دەنگ بن، چونکە پێش ماوەیەک بەرۆشتن بۆ بەغدا بەیەکدەنگی توانیمان مافەکانی خەڵکی کورد جێبەجێ بکەین، ئەوانەی لە حکومەتدا نەبوون پشتگیریی ئەو داواکارییانەیان دەکرد و دواجار دەڵێم پۆستی سەرۆککوما نابێتە کیشە لەنێوان کورد دا.

**کاروخ خۆشناو**، بەشداربوویەکی دیکەی مێزگردەکە بوو گوتی لەبەرئەوەی سیادە و سەروەری عێراق پرسیارێکی زۆری لەسەرە بۆیە ناکرێت ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بکرێتە پێوەر بۆ ئەوەی کێ دەبێتە سەرۆکوەزیران و پۆستە سیادییەکان وەردەگرێت، چونکە لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق لە 2003وە ئەکتەری ناوچەیی و نێودەوڵەتی بەتایبەتیش ئێران و ئەمریکا هەمیشە ڕۆڵیان هەبووە لە یەکلاکردنەوەی کاراکتەری پۆستە سیادییەکان لە عێراق. بەڵام ئەمەش لەخۆیدا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بۆ نموونە ئێران لەماوەی ڕابردوودا سێ گورزی بەرکەوتووە، یەکەمیان ئێران بەهۆی سیاسەتی ئەوپەڕی فشار و دەستبەکاربوونی ترەمپ زۆر لاوازبوو، خۆپیشاندانەکانی تشرینییەکانیش بەئاشکرا داوای لاوازکردنی هەژموونی ئێرانیان لە عێراق دەکرد و گورزی دووەم کوژرانی قاسم سولەیمانی و ئەبو مەهدی موهەندیس گورزێکی زۆر گەورە بوو کە ئێران تاوەکو ئێستا بۆشاییەی درووست بە قائانی پڕنەبووەتەوە، گورزی سێیەم دەرئەنجامی ئەم هەڵبژاردنانە بوو، ئەوییش ئەوانەی کە لە ئێران نزیک بوون یان وەلائی بوون کورسی زۆر کەمیان هێنا، بەڕاستی ئەمە وایکرد هاوسەنگی هێز لە عێراق بەپێچەوانەی 10 ساڵی ڕابردوو لە بەرژەوەندی ئەمریکادا بێت لە عێراق، بەڵام شتێکی دیکە کە زۆر گرنگە ئەویش ڕێککەوتنامەی ڤیەننایە کە کاریگەری لەسەر سەقامگیری عێراق دەکات، هەروەها هەڵبژاردنەکانی داهاتووی میدتیرم ئەمریکا، کە دیموکراتەکان نایانەوێت ئەو شکستەی لە ئەفغانستان توشی بوون، دووبارەبێتەوە و لێرەش لە شەقامی عێراقی ناسەقامگیر هەبێت و دەنگدەری ئەمریکی لە دیموکراتەکان دوور بکەوێتەوە.

لە درێژەی مێزگردەکەدا **سەردار عەزیز**، ئاماژەی بەوەکرد لە چوارچێوەی دەستوور هەڵە تێگەیشتن هەیە، ئەویش ئەوەیە کە هەڵبژاردنی سەرۆکوەزیران پێویستی بە 165 کورسی پەرلەمان، بەڵام سەرۆککومار پێویستی بە زامنکردنی دوو لەسەر سێ پەرلەمان، ئەمەش پێویستی بە هاوپەیمانییەکە کە لە 220 کورسی کەمتر نەبێت. پرۆسەی سیاسی و سیاسەتمەداران لە عێراق پرسیاری هەڵە دەخەڕوو هەربۆیەش وەڵامی هەڵەیان دەستدەکەوێت، تەنیا یەک لایەن ناتوانێت حکومەت پێکبهێنێت. هەربۆیەش ئەوەی سەرۆکوەزیران یەکلادەکاتەوە ئەنجامی هەڵبژاردن نییە، ئێستا پێویستە دانوساندنەکان دەست پێ بکەن نەک بۆ دەستنیشانکردنی پۆستەکان بەڵکۆ بۆ کارنامەیەکی سیاسی و چارەسەرکردنی کیشەکان و دواتر لایەنەکان دەتوانن ڕێککەوتن لەسەر پۆستەکان بکەن، بۆیە پیویستمان بەیەکڕیزی نیشتمانی هەیە.

**د.تاڵب محەممەد**، لەبارەی پیکهێنانی حکومەتەوە گوتی "لەراستیدا دەرکەوت کە ئەنجومەنی ئاسایش پیرۆزباییان کرد و ئەگەر بیانەوێت دەستیوەردانیش دەکەن، هەروەها ئایا لێکتێگەیشتن وادەکات کار بۆ خەڵک دابین بکات، ڕێگە لە خراپبوونی دۆخەکە دەگرێت و چەک لەدەستەکانی دیکە وەردەگریتەوە، هەموو ئەمانەیە پرسەکانی پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو".

**د. محەممەد عگێلی**، لەبارەی پێکهێنانی حکومەتەوە گوتی ئەگەر باسی یەکلاکردنەوەی پۆستی سێ سەرۆکایەتییەکە بکەین، ئێمە سێ قۆناخ لە ڕێککەوتن تێدەپەڕێنین، سێ دیمەن ئێستا هەیە ئەویش خۆپیشاندان نارەزایەتی بۆ ڕەتکردنەوەی ئەنجامەکان، لە لایەن هەموو ئەو لایەنانەی پێانوایە کە ئەمانە دەنگی ئەوان نیە، کە ڕەنگە گرژی زیاتر ڕووبدات، دیمەنێکی دیکە ئەوەیە ڕەنگە دەنگەکان لە لایەن بڕیاری دادگای فیدڕالییەوە بەدەست بژمێردرێنەوە، کە ئەمەش سیناریۆیەکە وەک ئەوەی لە 2010دا جێبەجێکرا، هەروەها ئەو لایەنانەی نارازین دەڵین بەڵگەمان هەیە ساختەکاری لەم هەڵبژاردنەدا ڕوویداوە و بەڵگەکانیش دەیسەلمێنێت بەرێژەی زۆر ساختەکاری کراوە، ئەگەر بەشێوەیەکی سیاسی پێشکیشبکرێن و لایەنە سیاسییەکان بەڵگەکان بخەنەڕوو ئەوا دەکرێت کۆی پرۆسەکە هەڕەشەی لەسەربێت. هەروەها دیمەنی سێیەم ئەوەیە ئەو ئەنجامانەی هەیە لە لایەن لایەنە سیاسییەکانەوە قبۆڵبکرێت و تەوافوقی سیاسی بکرێت. هەروەها ئەو لایەنانەی دەنگیان کەمیکردووە دەبێت بەشدارییان پێ بکەن و مافی خۆیان پێبدرێت و رازی بن بەئەنجامەکان. خاڵیکی دیکە ڕێککەوتنە سیاسییەکانن کە بەپێی دەستوور، واتە سەرۆکوەزیران و حکومەت نیوە کۆ یەک، سەرۆککومار دوو لەسەر سێیە، واتە ئێمە پیویستمان بەرێککەوتنی نێوان پێکهاتەکان خۆیانە، کورد بەیەکگرتووی بێت بۆ بەغدا، سەدر و بەرەی هاوئاهەنگی بەیەکەوە بین بۆ بەغدا و سوننەش بە عەزم و تەقەدوم ڕێبکەون، ئەوکات هاوئاهەنگی دەکرێت بۆ پێکهێنانی گەورەترین فراکسیۆنی زۆرینە بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو. ئەمەش بۆ ئەوەی کەو ئەو شتانەی لە 2018دا ڕوویدا دووبارە ڕوونەداتەوە، کە کورد ناکۆک بوون، سوننە و شیعەش ناکۆک بوون.

**عەباس یاسری**، سەرۆکی ناوەندی ئیشان بۆ لێکۆڵینەوەو گەشەپێدانی ستراتیجی لەبارەی پێکهێنانی حکومەتەوە گوتی لەکۆتاییدا بە دانوساندن دەکرێت و ڕێدەکەون و سازان دەکرێت، بۆ نموونەش سەدر پێوابوو کە لەگەڵ پارتی و تەقەدوم حکومەت پێکدەهێنن، بەڵام ئەم دوو لایەنە ڕەتیان کردەوە کە دانوساندن ناکەن لەگەڵ لایەنێکی شیعە بەپەراوێز خستنی لایەنەکانی دیکەی شیعە. هەروەها دوای ڕاگەیاندنی هەڵبژاردنەکان ڕەوتی سەدر دەیەوێت لەو چوارچێوەی نێوان لایەنەکان لە پێش هەڵبژاردن هەبووە بکشێتەوە. لە لایەکی دیکەوە سەدر ناتوانێت هەموو لایەنەکانی دیکە کۆبکاتەوە، چونکە لایەنەکان ئەزموونیان لەگەڵ سەدر هەیە، بۆ نموونە سەدر پێشتر ڕێککەوتنی لەگەڵ بینا هەبوو، بەڵام سەدر کشایەوە و ڕێککەوتنی لەگەڵ فەتح کرد، دواتر کە حکومەتی کازمی پێکهات، سەید سەدر و سائیرون بوونە خاوەنی حکومەت و فەتح یان پەراوێز خست بۆیە کەس نایەوێت ئەو ئەزموونە دووبارە بکاتەوە. هەروەها یەکرێزی نیو ماڵی کورد و سوننە وادەکات لە شیعەکان ئەوانیش لەیەکدی نزیک ببنەوە و هەوڵی یەکلاکردنەوەی سەرۆکایەتییەکان بدەن.

**خەلیل ئیبراهیم**، ئاماژەی بەوەکرد تاوەکو ئێستا یەکگرتوو لە دۆخەکە دەکوڵێتەوە و چاوەڕوانی ڕاگەیاندنی ئەنجامە فەرمییەکان دەکات و لەهیچ دانوساندنێک بەشدار نەبووین. ئێمە تاوەکو ئێستا ئەوەمان تاوتویی نەکردوو کە چۆن هەڵسوکەوت بکەین و کۆبوونەوەی سەرکردایەتی نەکراوە لەوبارەیەوە، بەڵام ئێمە لە هەرێمی کوردستان ئۆپۆزسیۆنین، باوەڕمان وایە کەوا ناکرێت دۆخی دیموکراسی پێشبکەوێت و ئەم دۆخە

بگۆڕدرێت لە عێراق و لە هەرێمی کوردستان بە بێ ئۆپۆزسیۆن بوون. هەروەها ئەو پشک پشکێنەیە و عەقڵیەتی گەورەکان دەبێت بەشدار بن لە حکومەت و ناتوانن بەبێ دەسەڵات بژین و دوور لە دەسەڵات بیر بکەنەوە. لەلایەکی دیکەوە، دەبێت هەمووومان بەیەکەوە کار بۆ پێشخستن و بەرەوپێشبردنی ئەم وڵاتە بدەین. نەهامەتییەکانی لەخۆ بگرێن، چونکە نەهامەتی هەر گۆڕەپانێک کاریگەری لەسەر گۆڕەپانەکانی دیکە دەبێت، هەربۆیەشە ئێمە دوور نین لە نەهامەتییەکانی سوننە و شیعە. ئێمە لە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان پێمانوایە ناکرێت بابەتی سەرۆککومار بە بێ بابەتی سەرۆکوەزیران یەکلابکرێتەوە دەبێت شیعە ڕێککەوتن لەسەر سەرۆکوەزیران بکەن، دواتر سەرۆککومار، کە لەرووی یاساییەوە بەپێچەوانەوەیە، بەڵام لەرووی کردارییەوە جیاوازە. من پێموایە وەک سەدر ئاماژەی بۆ کرد ئەوەی کە مالیکی ببێتە بەربژێری بەرەی هاوئاهەنگی ئەوە قبوڵناکرێت لە لایەن ڕەوتی سەدرەوە وهەر لایەنێک ڤیتۆی لەسەر لایەنێکی دیکە هەیە. بۆیە من دەڵێم هەموو ئەمانە دێنەوە لای مستەفا کازمی و بەختی زۆری هەیە بۆ ئەوەی دووبارە بەربژێر بکرێتەوە. هەروەها هەریەکە لە بەرهەم ساڵەح، محەممەد حەلبووسی و مستەفا کازمی پێموایە لە هاوکێشەکەدا دەبن، چونکە هەریەکەیان بە هاوکێشەیەک هاتوون، کە گوڕانکاری ئەوتوو بەسەر ئەو هاوکێشانەدا نەهاتووە. لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەوە بناخەی چوارچێوەکە دووبارە دەبێتەوە، سوننەکان لەسەر حەلبووسی و کورد لەسەر بەرهەم ڕێکدەکەون، سەبارەت بە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان تاوەکو ئێستا دیدمان ئەوەیە کە ئۆپۆزسیۆن دەبین و چاوەڕوانی کۆبوونەوەی سەرکردایەتی دەکەین بۆ بڕیاردان. لەکۆتاییدا، سەقامگیری لە عێراق پەیوەستە بە حکومەتێک کە پاڵپشتی شەقام و لایەنە سەرەکییەکان و وڵاتانی ناوچەکە بەدەست بهێنێت.

**د. سعود مەشهەدانی**. لەبارەی دووبارە هەڵبژاردنەوەی محەممەد حەلبووسی بە سەرۆکی پەرلەمان و سیناریۆکانی پێکهێنانی حکومەت لەروانگەی سوننەوە ئاماژەی بەوەکرد پێموایە ئەم دیمەنە سیاسییە نوێ نییە و زۆربەی سەرکردەکان ناسراون، لەراستیدا گوڕانکاری لە سەرکردەکان نییە بەڵکۆ لە ئامرازەکاندا هەیە، سەرکردەکان ئەزموونیان هەیە و گوڕانکاری بەسەردا نەهاتووە. هەروەها، پاراستن و هێشتنەوەی کێشەکانی ئەنجامی نیگەتیڤی هەبووە، لەبەر ئەوەش دەبێت ئەنجامی هەڵبژاردنەکان قبوڵ بکەین و بەپێی ئەو کورسیانەی لە پەرلەمان دەرچوون مامەڵە بکەین، هەندێک پەسەندی ناکەن و ڕازی نین و دەمەوێت بەراشکاوی بێڵێم کە ئەمانە ڕۆڵیان هەبووە، دەبێت بەشداربن، نموونەی زۆر ڕوون هەیە لە ئەنبار ئەبو ریشە کە ژمارەی زۆر شەهیداوە کە هەزاران بووە، بەڵام کاتێک ویستی پۆست وەربگرێت، ئێمە پێمانگوت هەڵبژاردنەکان بڕیار دەدات.

لەراستیدا شتێکی ئەوتوو ناگوڕێت لە ڕەوتی سیاسی ئەویش بەهۆی هەمان سەرکردە و هەمان کوتلەی سیاسی، لەبارەی سوننەکانەوە زۆر شت گوڕاوە و زۆر لە سەرکردەکان ئێستا لە گۆڕەپانی سیاسی نەماوە و بەشداریی لە بڕیاردانیش ناکەن، بۆیە ئێمە سەقامگیریی زیاترمان دەوێت بە بەراورد بە پێکهاتەکانی دیکە، ئەویش لەبەرئەوەی ئێستا تەقەدوم کورسی زۆر بەدەستهێناوە و دەبێتە واجیهەی سیاسی سوننە لە ڕۆژانی داهاتوودا. لەراستیدا ئێمە تاوەکو ئێستا هیچ جووڵەیەکی سیاسیمان لەبارەی پێکهێنانی حکومەتەوە نییە، بەڵام لەدوای پەسەندکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان گفتوگۆمان دەبێت، ئەمەش بۆچوونی بەڕێز محەممەد حەلبووسی. هەروەها لەبارەی ئەو پرسیارەی ئایا حەلبووسی دەبێتەوە بە سەرۆکی پەرلەمان گوتی بۆ هەر ڕووداوێک ئێمە قسەی خۆمان هەیە، بۆ نموونە یەکلاکردنەوەی سەرۆکوەزیران لەلایەن ماڵی شیعییەوە دەبێت و ئێمە ڕۆڵمان نیە، بەڵام لەوانەیە بەربژێرێکی تەوافوقی وەک مستەفا کازمی بهێنن،

ئێمە وەک ماڵی سوننە توانای ئەوەمان هەیە کە یەکلابکەینەوە، بەهەمان شێوەش بۆ کورد بۆ یەکلاکردنەوەی پۆستی سەرۆککومار، بەڵام ئەگەر یەکدەنگ نەبین لەسەر سەرۆککومار ئەوا پەرلەمانی لاواز و حکومەتێکی لاوازمان دەبێت، بەڵام وەک ئەوەی لە دەستوور هاتووە دەبێتەهۆی بەهێزی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەسەڵاتی یاسادانان لە عێراق.

لەبارەی ئەو پرسیارەی ئایا جێگرەوەی محەممەد حەلبووسی هەیە بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی پەرلەمان لەنێو سوننەکاندا د.سعود مەشهەدانی ئاماژەی بەوەکرد پرسی حەلبووسی ئێمە وەک سوننە وەک سەرکردەی سوننەیە و هیوایەکی زۆرمان لەسەری بنیاتناوە، چونکە ئەوەی لەسەر دەستی حەلبووسی بنیاتنراوە بووەتە راستی، کە پێشتر ئێمە ئاوارەبووین و لە خەوفدا دەژیان، بۆ نموونە لە ئەنبار تاوەکو کاژێر 3ی بەرەبەیان لەدەرەوە بوون و دواتر چوون بۆ دەنگدان. بۆیە دەڵێم پرسی حەلبووسی بۆ سوننەکان زۆر هەستیارە و ئێمە هەمیشە باوەڕمان بە سیمبولە و سیمبولکردنی کەسەکان، هەروەها داواکارییەکی کۆمەڵایەتی نەوەکو سیاسی لەسەر حەلبووسی لەنێو سوننەکاندا.

لەکۆتایی مێزگردەکەدا، **مەحموود محەممەد**، ئاماژەی بەوەکرد کە قسەیەک دەکەین بۆ ئەوەیە کە ئەو شتانەی ڕوویداوە روونەداتەوە و لە پەرۆشیمانە بۆ رەوشەکە و بیرهێنانەوەی ئەو شتانە لە شوێنێکی ئاودا و بە بەشداریی سیاسی و ئەکادیمییەکان شتێکی زۆر باشە، مەبەست لێ تانەدان نییە لە کەسێک. هەربۆیەش ئێمە لە پارتی دیموکراتی کوردستان پێمانوایە کۆی پرۆسەی سیاسی لە عێراق پێویستی بە پێداچوونەوەیەکی جیددی هەیە، چونکە 18 ساڵە نەمانتوانییوە وەک پێویست ئەوە بکەین کە خەڵک ویستوویەتی و ئەو گوڕانکارییانە بەدی نەهاتوون، کەواتە دەبێت باسی بکەین و کەسێش تۆمەتبار ناکەین. لێرەدا دیارە کێ دەتوانێت بڕیاربدات، کورد ناتوانێت بڕیاری پێداچوونەوە لە عێراق بدات و سوننەش ناتوانێت، بەڵام شیعە دەتوانێت یا لەمەدا راستگۆ بین، چونکە ئەم حکومڕانییە ئەوە نییە کە خودی شیعەش ویستویەتی، ئەوە نییە کە کورد ویستویەتی و ئەوەش نییە کە سوننە دەیەوێت، کێشەکە لێرەدایە. لەراستیدا ئێمە لە هەرێمی کوردستان لەسەرەتای ڕاپەڕینەوە ئەو سنوورەمان تێپەڕاند هەموو ئەوەی رابردوو بوو و ڕوویدا لێ خۆشبووین، هیوامان خواست لە عێراق ئەوە ببێت، بەڵام نەبوو، ئێستا ئێمە هەست دەکەین کە ترسێک هەیە و ترس لە داهاتوو هەیە، ، ئێمە دەبێت ئەو راست بکەینەوە کە منی کورد و تۆی شیعە و ئەوی سوننە بە قەبارەی خۆی هەست بەهەبوونی بکات و بەرپرسیارەتی دەکەوێت سەرشان و جێبەجێ بکات. هەروەها، ئەگەر بمانەوێت ئەم وڵاتە هێ هەموان بێت دەبێت پێداچوونەوە بە کۆمەڵێک شتدا بکەین و شەرم نەکەین لە پێداچوونەوە. لەبارەی ئەوەی ئایا هەڵبژاردن کاریگەری هەیە لەسەر سەقامگیری و پێکهێنانی حکومەت، ئەوا دەبێت بپرسین کە عێراق دەبێت سیادەی خۆی بگێڕێتەوە، چونکە سیادەی ئێستای عێراق وەهمییە بۆیەش ئێران دەڵێت پیرۆز بێت ئەو هەڵبژاردنە، ئەنجومەنی ئاسایش بەیاننامە دەردەکات، لەوانەیە وڵاتانی تورکیا، سووریا و کوەیت و لەوانەش سعودیە بەیاننامە دەربکات، چونکە هەریەکە و بەشێوەیەک لە شێوەکان دەستیوەردانیان لە کۆی پرۆسەی سیاسی لەناو عێراقدا هەیە. ئێمە ئەگەر بمانەوێت وڵاتێک بین دەبێت سیادەی خۆمان بگێڕینەوە، عێراق بڕواتەوە سەر ئەو رێگایەی کە حیسابی بۆ دەکرا، ئێستا عێراق کەی حیسابی بۆ دەکرێت. ئەمەش پەیوەست نییە بەوەی کە فلان کەس سەرۆکوەزیران و فلان کەس سەرۆککۆمارە، کۆی پرۆسەی سیاسی و کارەکانی پێکهێنانی سیاسی هەڵەی تێدایە، دەبێت لەوەدا هەڵویستە بکەین.

لەبارەی سێ سەرۆکایەتییەوە، لەراستیدا ئەم سێ سەرۆکایەتییە بەپێی رێککەوتنێکی نەنووسراو لەنێوان کورد، سوننە و شیعە پێکهاتووە، کە سەرۆککومار بۆ کورد، سەرۆکوەزیران بۆ شیعە و سەرۆکی پەرلەمان بۆ سوننە، لەراستیدا شتی نووسراو و هیچی نوسراو نییە، بەڵکو رێککەوتووین لەسەری و بەشیکە لەو هاوبەشییەی کە هەموومان شکایەتمان لەسەری هەیە.  هەروەها لەبەرئەوەی پۆستی سەرۆککومار بۆ کوردە راستی وایە دەبێت کورد لەنیو خۆیدا رێککەوتن بکات نەک شیعە و نەک سوننە دەستیوەردانی تێدا بکەن، بەڵام لە دەنگدان بەشداربن چونکە دەبێتە سەرۆککوماری هەموو عێراق. راستە لەوانەیە تێبینی لەسەر هەندێک کەس هەبێت، ئەمە گونجاوە، بەڵام ئەم لایەنەمان پێ باش نییە و ئەوە گونجاو نییە، ئەمە زیاتر کیشە درووست دەکات و پێکهێنانی حکومەت دوادەخات. هەروەها لە هەموو سەردانەکانماندا بۆ لای لایەنەکان رایان وایە کە دەستنیشانکردنی سەرۆکوەزیران بۆ ماڵی شیعی لێبگەڕین و ئەوان لەنیوان خۆیاندا رێککەوتن بکەن و ئەوەی ئێمە لەگەڵیان گفتوگۆ بکەین دەبێت لەسەر کارنامەی حکومەت بێت: لەرووی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی و مافەکانی کورد و دەستوور چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.  ئەمانەش دەبێتە کارنامەی هەموو خەڵکی کوردستان کە باسی لێوە دەکەین و ببێتە شتێکی کوردی لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا لەبارەی پرسی سەرۆکی پەرلەمانەوە هەمان شتە، کەسایەتی و حیزبی لایەنی سیاسییان هەیە، ئەوەی پێمان بکرێت کە پاڵپشتی بکەین بۆ ئەوەی دەستنیشانی کەسێک بکەن لەسەر خواستی ئەوان و لە ئاستی ئەو بەرپرسیارەتییەدا بێت. هەروەها کاتێکیش دەڵین کەسێک. دەبێت ئەو کەسە توانای هەبێت، چونکە ئەو دەبێتە سەرۆکی پەرلەمانی عێراق، سەرۆککۆماری عێراق و سەرۆکوەزیرانی عێراق، کە ئەوکات سەرۆکوەزیرانی من و سەرۆک پەرلەمان و سەرککۆماری هەموان دەبێت، ئەوکات هەموومان بەشێوازێکی دیاریکراو بەشدار دەبین لەو پرۆسەیەدا و کە دەنگمان پێداوە و هەموو پێکهاتەکان تەمسیلی پێکهاتەکەی خۆی دەکات. هەروەها لەم روانگەوە پێش هەڵبژاردن شاندی ئێمە رۆشتوونەتە بەغدا و لەگەڵ شیعە و سوننە دانیشتوون و هەم شاندی ئەوان هاتوون بۆ کوردستان و هەم گفتوگۆ بەردەوامیش هەیە لەگەڵ هەموو لایەنەکاندا، هەموو هەوڵەکان بۆ ئەوەیە کە زوو رێککەوتن بکرێت و هەرچی زووتر رێککەوتن لەنیو خۆدی پێکهاتەکان بکرێت و پێکهاتەی حکومەت دەرکەوێت و تەمسیلی هەموو عێراقییەکان بێت  و خەڵکی عێراق لەو زەحمەتییە تێدایە رزگاربکرێت.

©هەموو مافەکانی ئەم راپۆرتە پارێزراوە بۆ ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو، هەموو جۆرە لەبەرگرتنەوە و بەکارهێنانەوەیەکی قەدەخەیە